

لە یادی 37ساڵەی بێسەروشوێنکردنی 8000 بارزانیدا
8

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

#پابەند دەبین

خەبات
XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5982) چوارشەممە 29ی تەممووز 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی شەوبۆ خان، سەرەخۆشیی لە شێخ مەحموود حەفیدزادە دەکات

سەرۆك بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی شەوبۆ خان تاهیر بەگی بابان، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە سەرەخۆشیی لە شێخ مەحموود حەفیدزادە دەکات و هاوخەمیی خۆی بە بەڕێز شێخ مەحموود حەفیدزادە و تەواوی خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕاگەیاند.

دەقی ڕاگەیەندراوی بارەگای بارزانی:

ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی٧ی ٢٠٢٠، سەرۆك بارزانی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، بۆ کۆچی دوایی شەوبۆ خان تاهیربەگی بابان، سەرەخۆشی لە شێخ مەحموود حەفیدزادە کرد.

سەرۆك بارزانی هاوخەمیی خۆی بە بەڕێز شێخ مەحموود حەفیدزادە و تەواوی خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕاگەیاند و هیوای خواست دواکۆستی خانەوادەی بەڕێزیان بێت.

بەڕێز شێخ مەحموود حەفیدزادە بەناوی خۆی و خانەوادەی کۆچکردووەوە سوپاس و پێزانینی خۆی بە سەرۆك بارزانی ڕاگەیاند.

جەژنتان پیرۆزبێت

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قوربانیی پیرۆز، پیرۆزبایی لە خانەوادەی شەهیدان، بریندار و پێشمەرگە قارەمانەکان، موسڵمانانی جیهان و کوردستان، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و سەرکردایەتی و ئەندام و هەوادارانی پارتیمان و حزب و لایەنە سیاسییەکان دەکەین، بەو ئومێدەی ئەم جەژنە ببێتە مایەی یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان و چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و باشکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان.

بەم بۆنەیەوە، ئاگاداری خوێنەرە خۆشەویستەکانی ڕۆژنامەکەمان دەکەینەوە، کە هەفتەی دادێ بەهۆی پشووی جەژنەوە، خەبات دەرناچێت. ڕۆژی یەک شەممە 9 ی ئاب دێینەوە خزمەتتان.

خەبات

جێگری پارێزگاری هەولێر:

تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکمان نییە لە ڕۆژانی جەژن قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕابگەیەنین قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەنێوان شارەکان بەردەوام دەبێت

6



تیمێکی قائیمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر شوێنە گشتییەکان دادەخەن 7

وەزیری تەندروستی:

سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا پاڵپشتێکی باش بوون


3



د. جووتیار عادل:

فەرمانبەری شایستە مووچە و دەرماڵە وەردەگرن و دەستکاری ماف و شایستە داراییەکانیان ناکرێت

2



3

یەکەم دیبەیتی ڕاستەوخۆی نێوان ترەمپ و بایدن لە کۆتایی مانگی داهاتوودا بەڕێوەدەچێت

حکوومەتی عێراق:

ژمارەیەک گرووپی تاوانکار لە گۆڕەپانی تەحریر گرژیی دروست دەکەن

4



د. جووتیار عادل:

لیژنەیەکی بالّا بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی پێکهێنندراوە



فەرمانبەری شایستە مووچە و دەرمالّە وەردەگرن و دەستکاری ماف و شایستە داراییەکانیان ناکرێت

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند لە یاسای چاکسازیدا ماف و شایستە داراییەکانی فەرمانبەرانی شایستە دەستکاری ناکرێت، ئەوان دەیانەوێت بندیوار و چەند موچەیی نەمێنێت.

د. جووتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی راگەیاندووە لیژنەیەکی بالّا بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی پێک هێنداوە، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکوومەت و بە ئەندامیەتی جێگری سەرۆکی حکوومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان، دوو پەیرەو بۆ یاساکە دەرکراون، پەیرەوێک بۆ دروستکردنی سندوقی خانەنشین و پەیرەوێکیش بۆ مەرجەکانی دامەزراندنی پلە بالّاکان، هەروەها خشتەیەك داندراوە سەبارەت بەو رێکارەی پێویستە هەر وەزارەتێك بۆ جێبەجێکردنی یاساکە بیگرێتەبەر.

گوتەبێژی حکوومەت گوتیشی: ئێستا لە رێگەی سیستەمی تۆماری بایۆمەتریییەوە، پاککردنەوەی لیستی خانەوادەی شەهید و ئەنفال و زیندانی و راگیراوانی سیاسی دەستپێکردووە، هەروەها دەستیان بەکارکردووە بۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگەش لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی یەکەی ژمێریاری، بندیوارەکان نەهێڵێت، بۆ پرسی پاسەوانیش رێکخستنەوە دەستپێکردووە، یەك بەرێوەبەرایەتی دادەمەزرێت سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت، تاکە مەرجەع دەبێت بۆ دانان و دەستنیشانکردنی پاسەوان بۆ بارەگا و بەرپرسەکان، ئەویش بەپێی پێویست.

جوتیار عادل فەرمانبەرانی شایستەی دڵنیا کردەوە کە لە یاسای چاکسازیدا ماف و شایستە داراییەکانیان دەستکاری ناکرێ و گوتی: فەرمانبەری شایستە موچە و دەرمالّە وەردەگرن، دەستکاری ماف و شایستە داراییەکانیان ناکرێ، بەڵام هەندێك دەرمالّەی ناشایستە بە هەندێك کەس دراوە، پێداچوونەوە بەوانە دەکرێت، بە هیچ شێوەیەك یاسای چاکسازی بۆ ئەوە نییە زیان بە فەرمانبەران بگەیەندرێ، بەڵکوو بۆ هێنانەدی دادپەروەریە، بۆ جێگیرکردنی ئەو فەرمانبەرانەیە کە بە شایستە موچە وەردەگرن، ئێمە دەمانەوێت بندیوار نەمێنێت، هەروەها چەند موچەیی نایاسایی نەمێنێت.

گوتەبێژی حکوومەت جەختیشی کردەوە کە حکوومەت دەستی داوەتە چاکسازی گرنگ و لیژنە پێکهاتووە بۆ بەدواداچوونی گرێبەستەکانی نەوت و گرێبەستی خالّە سنوورییەکان، لە هەموو کەرتەکاندا چاکسازی دەکرێت، لە کەرتەکانی نەوت و پیشەسازی، کەرتی دارایی، کارگێڕی و خەرجییەکان، چاکسازی هەموو جومگە سەرەکییەکان دەگرێتەوە.

داوامان کردووە کەرکووکییەکان خۆیان شارەکە بەڕێوە ببەن

شاخەوان عەبدوڵڵا:

بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک لەسەر چەندین خاڵ رێککەوتووین



کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك بەچڕی دەستیان پێکردووە، کە لە هەفتەی ڕابردوودا سێ کۆبوونەوە ئەنجام دراون و تەنیا لەسەر یەك خاڵ ماوە رێککەوتن بکرێت.

شاخەوان عەبدوڵڵا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك بەشێوەیەکی چڕ دەستیان پێکردووەتەوە و تەنیا لە هەفتەی ڕابردوودا سێ کۆبوونەوە لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکووکدا ئەنجام دراون و لەسەر چەندین خاڵ رێککەوتوویین، وەکو ئەوەی کەرکووکییەکان خۆیان شارەکە بەڕێوە ببەن و هێزی بیانی دەربکرێت و کەرکووك ئاوەدان بکرێتەوە و خزمەتی شاری کەرکووك بکرێت بە هەموو پێکهاتەکانەوە بێ جیاوازی، ئەمەش خواستی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووکە.

عەبدوڵڵا گوتیشی: تەنیا لەسەر یەك خاڵ ماوە رێککەوتن بکرێت و بریارە پێش جەژن و لەم هەفتەیەشدا کۆبوونەوەیەکی دیکەش بکرێت، ئەویش پێکهاتەکان داوا دەکەن دابەشکردنی هێز لە کەرکووك ٣٢٪ بۆ هەر پێکهاتەیەك بێت، بەڵام ئێمە بەوە رازی نین و داوامان کردووە پێویستە رێژە دیاری نەکرێت و کەرکووکییەکان خۆیان شارەکە بەڕێوە ببەن.

کونسوڵی گشتیی تورکیا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد

سیوەیلی نیگەرانی پارتی و جەماوەری کوردستانی لەبارەی هێرشەکان بە کونسوڵی تورکیا گەیاند



هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە هاکان کاراچای کونسوڵی گشتیی کۆماری تورکیا لە هەرێمی کوردستان کرد، بەپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی نیگەرانی سەرکردایەتی پارتی و دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی بە کاراچای گەیاند.

هێرشەکانی ئەمدواییەی تورکیا زیانێکی زۆری بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچە سنوورییەکان گەیاندووە، ئەمش بووەتە هۆکاری ناڕەزایی تەواوی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەر باش و بەهێزن، بەڵام ئەمجورە هێرشانە بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و نیگەرانییەکانی هەرێم، زیان بەهەردوولا دەگەیەنێت، بۆیە داواکارین ئەو ململانێ سەربازییە لە خاکی هەرێمی کوردستان دوورخرێتەوە، هەروەکو لە بەیاننامەی ٢٠-٦-٢٠٢٠ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووە: داواکارین لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و حکوومەتی تورکیا کە دەستبەرداری چەك بن و رێگای سیاسی و دیموکراسییانە بگرنەبەر بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، پێناوایە رووبەڕووبونەوەی سەربازی هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەری نابێت و دواجار دەبێت لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەری جیاوازییەکان بکرێت.

هەبوونی پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان و سنوورەکانی تورکیا، زیانی گیانی و مادّی بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە گەیاندووە، بۆیە داواکارین لە هەموو لایەك خەڵکی هەرێمی کوردستان نەکەنە قەڵغان و قوربانی ئەو ململانێیە و داواکارین لە پەکەکەش لەو ناوچانە بکشێنەوە و چیتر بیانووی بوونیان بەو ناوچانە نەدەنە دەست هێزی سەربازی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر خەڵکی ئێمە.

هاکان کاراچای کونسوڵی گشتیی کۆماری تورکیا دەربارەی نیگەرانییەکان رایگەیاند ئێمە و گەلی کوردی برامان لە هەرێمی کوردستان بەرژەوەندییەکی هاوبەش و پەیوەندییەکانی باشمان هەیە و هیچ کارێك ناکەین ئەو بەرژەوەندییانە بکەونە مەترسی، بەڵام پێویستە لە نیگەرانی و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی تورکیا بگەن، ئەو هێزانە کە لە سنووری تورکیا هەن ڕۆژانە هێرش دەکەنە سەر خاکی تورکیا، ئێمە وەکو حکوومەتی تورکیا پرسی کورد نابەسینەوە بە بوونی پەکەکە. دەربارەی کێشەی ناوچە سنوورییەکان و زیان و قوربانیان رایگەیاند کە ئەو کێشە دەگەیەنێتە سەروی خۆی. کاراچای تەئکیدی لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکان کردەوە کە ئێمە دوو دراوسێین و پێویستە داهاتوو و بەرژەوەندییەکانی هەردوولا لەبەرچاو بگرین و کار بکەین بۆ زیاتر بەرەوە پێشەوەچوونیان و ئەمەش ئامانجی ئێمەیە.



سەرۆك بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکە پەریخان سیتەیی پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە

سەرۆك بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکە پەریخان سیتەیی پرسەنامەیەکی ئاراستەی کەسوکار و بنەماڵەی کۆچکردوو کرد و تێیدا سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵەی کۆچکردوو کرد.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

ب نائێ خودایێ مەزن و دلۆڤان

ب خەم و کۆڤانەکا زۆر مە خەبەرا وەغەرا داویێ یا پەریخان سیتەیی دایکا سێ شەهیدێت ئەنفال بهیست.

ب ڤێ هەلکەفتا خەمگین سەرساخی و سەرەخۆشییێ ل مالّبات و کەسوکارێت خودێ ژێ ڕازی پەریخان سیتەیی دکەین. ژ خودایێ مەزن دخوازم کو سەبر و هەداریّ بدەتە کەس و کارێن ڕەحمەتییێ و جهێ وێ بەهەشتا بەرین بیت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
٢٧ی ٧ی ٢٠٢٠

•••


سەرۆکی حکوومەت بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکە پەریخان پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکە پەریخان ئەسعەد ڕێکانی، دایکی سێ شەهیدی ئەنفالکراو، پرسەنامەیەکی ئاراستەی کەسوکار و بنەماڵەی کۆچکردوو کرد و سەرەخۆشیی خۆی بە کەسوکارەکەی ڕاگەیاند.

ئەمەش پرسەنامەکە:

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (دایکە پەریخان ئەسعەد ڕێکانی) مان پێگەیشت کە دایکی سێ شەهیدی کوردستانە. سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/7/27



پرسەنامەیەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

پرسە و سەرخۆشی لە خانەوادە و کەسوکار و هاوکارانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان خوالێخۆشبوو خاتوو جیهان ڕەشید سندی دەکەم کە بە داخەوە ئەمڕۆ کتوپڕ کۆچی دوایی کرد. هاوبەشی خەم و پەژارەیانم، لە خوای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و ئارامی و دڵنەواییش بە هەموو لایەکیان ببەخشێت.

خوالێخۆشبوو نمونەی کارامەیی و ڕاوێژکارێکی لێهاتووی شارەزا و خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەند و دەستپێشخەر بوو کە هەمیشە بە خەمخۆری و دڵسۆزانە ئەرك و کارەکانی بە ڕێکوپێکی ئەنجام داوە و جێبەنجێکی بە چەندین کاری سەرکەوتووی سااڵنی ڕابردووی بواری پسپۆڕیی خۆیەوە لە ئەنجومەنی وەزیران و دامەزراوە پەیوەندارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دیارە. بێگومان کۆچی ناوادەی ئەو، بۆشاییەك جێدەهێڵێت و بۆ هەمیشە لە یادی ئێمە و هاوکارانیدا دەمێنێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
28/7/2020

•••

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو جیهان ڕەشید سندی ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانم پێگەیشت. سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم . خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی ودڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/7/28

وەزیری تەندروستی: سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا پالپشتێکی باش بوون

چەند جارێک بودجەی تایبەت بە رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا تەرخانکراوە



وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرای کرد حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران تا ڕادەیەکی باش پالپشتیی دارایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنای کردووە و ئێمە هەرکاتێك لەمبارەوە داوامان لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بووبێت، بێگومان دابینیان کردووە.

دوینێ سێشەممە ٢٠٢٠،٧،٢٨ د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی: بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی عێراق، هاوکاریی هەرێمی کوردستانی کردووە و بڕیارە بە گوژمەی یەك ملیاری دیکەی هاوکاری ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکەن.

وەزیری تەندروستی لەبارەی قەدەغەی هاتوچۆ بۆ ڕۆژانی جەژن گوتی: ئێمە پێشتر لە لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا کۆبوونەوەمان کردووە و هەتا ئێستا بڕیارەکان هەمان ئەوە بڕیارانەن کە هەفتەی ڕابردوو ڕاگەیەندران، هەتا ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەکمان نەکردووە بۆ ڕێکاری پێویست، بۆیە دوای هەڵسەنگاندنەکان ئەگەر بڕیارێك هەبێت ئێمە ڕای دەگەیەنین، بەڵام هەتا ئێستا هیچ بڕیارێك لەبارەی قەدەغەی هاتوچۆوە نییە.

د. سامان بەرزنجی، ئاماژەی بەوەش کرد: ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە تەندروستییەکان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، خەرجییەك و تەرخانکراوێکی ڕۆتینیی مانگانە بۆ دەربەندیخان و پێنجوێن بودجەی تایبەت تەرخان کراوە، هاوکات سێ ملیار و نیویشمان لەلایەن بەغدا پێ گەیشتووە و بەڵێنیی دانی دوو ملیاری دیکەشیان داوە کە یەك ملیاری گەیشتووە و بڕیارە ئەو ملیارەکەی دیکەش بگات کە ئەمە بودجەی تایبەتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

وەزیری تەندروستی ڕاشیگەیاند: بودجەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ تەندروستی نەبووە، بەڵکوو بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ژووری ئۆپەراسیۆنەکان و پاریزگارەکان و سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکانیش بووە، بەڵکوو ئەوانیش بودجەی پێویستیان بۆ کەرەنتینکردن و هەموو بابەتەکان هەیە، بەڵام ئێستا زۆرترینی ئەو جەرجییانە بۆ کۆرۆنا تەرخان کراوە.

ئاماژەی بەوەش کرد: چەند جارێك لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بودجەی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا تەرخان کراوە، جاری یەکەم چوار ملیار، جاری دووەم چوار ملیار دینار و جارێ سێیەمیش دوو ملیار بۆ پاریزگاری سلێمانی، هاوکات بۆ هەولێر و پێشوازییەکانی ڕێکارەکان بۆ تەرخان ڕاکوە، بۆیە وای دەخەملێنین حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش پالپشتیی دارایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنای کردووە و ئێمە هەرکاتێك لەمبارەوە داوامان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بووبێت، بێگومان دابینیان کردووە.



پارتی پیرۆزبایی لە کونسوڵی گشتیی نوێی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان دەکات

کونسوڵی نوێی ئەمەریکا لە هەولێر:

گەلی کورد بە قۆناغی زۆر سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام بەهێزتر دەرکەوتووەتەوە


بەبۆنەی کۆتاهاتنی ئەرکەکانی کونسوڵی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، ستیڤن فیگن و دەستەکاربوونی کونسوڵی گشتی تازەی ئەمەریکا لە هەولێری پایتەخت، هوشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبایی بەناوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بۆ دەستەکاربوونی وەك کونسوڵی گشتی تازەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەولێر ئاراستەی ڕۆبێرت .پ . وۆڵر، کرد و هاوکاتیش سوپاسی ڕۆڵ و هەوڵەکانی کونسوڵی پێشووی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی دووقۆڵی و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان کونسوڵگەری گشتیی ئەمەریکا و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان و هەردوو گەلی دۆست ئەمەریکا -کوردستان لە هەموو بوارەکان دا.

لە وەڵامی پیرۆزبایی نامەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دا، کونسوڵی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕۆبێرت . پ . وۆڵر هەستخۆشی خۆی ئاراستەی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کردووە کە لە بەشێکی نامەکە دا هاتووە زۆر سوپاس بۆ نامەی بەخێرهاتنم و خۆشحاڵم کە لە شوێنی بەڕێز ستیڤن فیگن، کونسوڵی پێشووی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان دەستبەکار دەبم و کارکردنمان بە یەکەوە وەك هاوبەش بۆ هێنانەدی سەقامگیری، ئاسایش ، پێشکەوتن و دیموکراسی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گەلی کورد پەیوەندی باشیان هەبووە لە ساتەوەختە خۆش و ناخۆشەکان دا و بە تایبەتی پەیوەندییەکانی نێوانیان گەشەپێداوە و پشتیوانی یەکتریان کردووە و لە ساتەوەختە سەختەکاندا شانبەشانی یەکتر کارمان کردووە بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری لە عێراق و هەموو ناوچەکە دا، هێشتا کاری زۆرمان ماوە بە یەکەوە بیکەین، من دڵنیام ئێمە دەتوانین ئەنجامی باشتر بەدەست بێنین بۆ ئامانجی هاوبەش و کارکردنمان بە یەکەوە بە متمانەکردن و ڕێزگرتن لە یەکتری.

من تیدەگەم کە لە کاتێکی سەختدا گەیشتمە هەرێمی کوردستان کە هەردوولامان بە قۆناغێکی زۆر زەحمەتدا تێدەپەڕین. هەموومان گیرۆدەی دەستی ڤایرۆسی کۆرۆنایین کە بووەتە گرفتێکی گەورە بۆ هەموومان کە دیارترینی قەیرانی ئابووریییە. گەلی کورد بە قۆناغی زۆر سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام هەردەم بەهێزتر دەرکەوتووەتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاڵپشتی تەواوی ئەو بەهاوبەشانە دەکات کە لای هەردوولامان پیرۆزن. باوەڕی تەواوم هەیە کە هەردوولامان کار لەسەر ئەم بەها پیرۆزانە دەکەین.

من چاوەڕوانی کارکردن لەگەڵ جەنابتان و تیمەکەتان دەکەم لە ساڵانی داهاتوودا ، بۆ باشترکردن و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانمان، پێمخۆشە بەناوی خۆم و جێگرەکەم خاتوو کاترین کیسەر و بەرپرسی بەشی سیاسی و ئابووری (داربی پارلیامێنت) زۆر سوپاسی نامە پڕ سۆزەکەتان بکەین و هیوای تەندروستییەکی باش بۆ جەنابتان، هاوڕێکانتان و مااڵباتەکانتان بخوازین.

یەکەم دیبەیتی ڕاستەوخۆی نێوان تەرەمپ و بایدن لە کۆتایی مانگی داهاتوودا بەڕێوەدەچێت



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

دوای ئەوەی جۆ بایدن بە فەرمی وەك پاڵێوراوی حزبی دیموکرات بۆ سەرۆکایەتیی ئەمەریکا دیاری کرا بڕیارە ٢٩ی مانگی داهاتوو یەکەم دیبەیتی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوو پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا دۆناڵد تەرەمپ وەك پاڵێوراوی حزبی کۆماری و جۆ بایدن وەك پاڵێوراوی حزبی دیموکرات ئەنجام بدرێت.

بەپێی هەواڵێکی کەناڵی بی بی سی بەریتانیا بڕیار بوو ئەم دیبەیتە لە ویلایەتی ئەندیانا ئەنجام بدرایە، بەڵام بەهۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا شوێنی دیبەیتەکە گۆڕدرا بۆ ویلایەتی تۆماینگ کریفلاند.

ریفیرد جینگیز سەرۆکی زانکۆی تۆتردام لە ویلایەتی ئیندیانا بە میدیاکانی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە کە لەسەر داوای ئەو شوێنی دیبەیتەکەی نێوان تەرەمپ و بایدن گۆڕاوە، چونکە ئەو شوێنەی زانکۆی نۆتردامی تێدایە بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەیە، بۆیە دیبەیتەکە دەبرێتە ویلایەتی تۆماینگ.

زۆربەی ئەو ڕاپرسیانەی لەم ماوەیەی دوایی ئەنجامدراون، ئاماژە بۆ چانسی جۆ بایدن لە بردنەوەی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا دەکات، بەڵام دۆناڵد تەرەمپ دەڵێ: هەرگیز جۆ بایدن ناتوانێ لە خولی داهاتووی سەرۆکایەتیدا سەرۆکی ئەمەریکا بێت، چونکە کەسایەتی لاوازە و ناتوانێت ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە.

مستەفا کازمی:

حکوومەت کار دەکات بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە



سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا کە ئاراستەی گەلی عێراقی کرد، ئاماژەی بەوەکرد ساڵانێکی زۆر لە کاولکاریی و گەندەڵی و خراپ ئیدارەدان بە شەو و ڕۆژێك چارەسەر نابێت. جەختیشی لەوەکردەوە خۆپێشاندانی گەنجان مافێکی ڕەوایە و هێزە ئەمنییەکان مافی ئەوەیان نییە تەنانەت یەك فیشەك بەڕووی ئەواندا بتەقێنن.

مستەفا کازمی لە پەیامە ڤیدیۆییەکەیدا ڕایگەیاند: هەست بە ئازارێکی گەورە دەکەم کاتێك کە گەلەکەم لەناو گەرما دەبینم بەهۆی کاولکاریی و خراپ ئیدارەدان لە کارەبادا، هیوا دەخوازم ئەگەر بەدەستم بووایە چارەسەرێکی سیحراوییم بکردبایە، بەڵام بەداخەوە، ساڵانێکی زۆر لە کاولکاریی و گەندەڵی و خراپ ئیدارەدان بە شەو و ڕۆژێك چارەسەر نابێت، ویژدان لەوەدا نییە کە داوا لە حکوومەتێك بکەن کە تەمەنی ڕاستەقینەی تەنیا دوو مانگە باجی ئەو فەرهوود و تاڵانییە بدات کە گرووپ و حکوومەتەکانی پێشوو کردوویانە.

سەبارەت بە داواکاریی گەل لەبارەی قەیرانی کارەبا، کازمی ڕایگەیاند: لەگەڵ داواکاریی گەلدام بە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەوانەی بوونەتە هۆکاری ئەم نەهامەتییانە، چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو لیژنەیە دەکەم کە بۆ پرسی کارەبا لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پێکهێنراوە، حکوومەت پەلەپەتی ئەو ئەنجامە بخاتە سەر لێکۆڵینەوەکانی خۆی تاوەکو ئەم دۆسیەیە بخرێتە بەردەم گەل و دادگا . کازمی ئاماژەی بە بەرەوپێشچوون لە چارەسەرکردنی قەیرانی کارەبادا کرد و ڕایگەیاند: حکوومەت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا واڕووی گرێبەستی بەستنەوەی تۆڕی کارەبای بە تۆڕی کارەبای وڵاتانی کەندا و هەروەها لەگەڵ ئێران کردووە، ئێمە سوورین لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، بڕیاری ئێمە ئەوەیە غاز بەرهەمبهێنین بەمەبەستی وەگەڕخستنی وێستگەکان.

گوتیشی: تاوانی ئێمە نییە حکوومەتکانی پێشوو وێستگەیان هاوردەکردووە کە بە غاز کار دەکات بەڵام کاری نەکردووە بۆ بەرهەمهێنانی غازی عێراق، چەند لایەنێك دەیانەوێت ئاستەنگ لەبەردەم ئەمەدا دروستبکەن، زۆر بە ڕاشکاویی پێیان دەڵێم ئەم حکوومەتە دوای ڕژانی دەریایەك خوێن هاتووە و نابێتە هۆکاری ڕژانی خوێنی عێراقییەکان.

سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: خۆپیشاندانی گەنجان مافێکی ڕەوایە و هێزە ئەمنییەکانی مافی ئەوەیان نییە تەنانەت یەك فیشەك بەڕووی ئەواندا بتەقێنن، هەر فیشەکێك کە هاووڵاتییانمان بکاتە ئامانج کە داوای مافەکانیان دەکەن، فیشەکێکە ئاراستەی کەرامەتمان و بنەماکانمان دەکرێت، لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرمان دەستپێکردووە لەبارەی ڕووداوەکەی گۆڕەپانی تەحریر، داوامکردووە لەماوەی ٧٢ کاتژمێردا ڕاستییەکان بخەنە بەردەمم. گوتیشی: لە یەکەم ڕۆژی ڕاسپاردنمەوە ئەوەم ڕاگەیاند کە خواستی پۆستم نییە و حکوومەتەکەم کار دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و من سوورم لەسەر ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەدا ئەوەم ڕاگەیاند کە پێویستە پەلە بکرێت لەمەدا، لێرەوە داوا لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکەم یاسای هەڵبژاردن ئاراستەی سەرۆککۆمار بکات بۆ پەسەندکردنی تاوەکو لە نزیکترین کاتدا وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکەین، هەر کەسێك گازندەی لە کارەکانی حکوومەت هەیە با چاوەڕوانی هەڵبژاردن بکات نەك پەکی بخات، ئەوەی خواستی پەکخستنی عێراقی نەبێت نایەت لە پشتی مێزەوە قسە بکات، پێویستە ئەوانە بێنە خوارەوە و خەڵکی ئامادە بکەن بۆ هەڵبژاردن، پێویستە هەموومان کار بکەین بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی بێگەرد و دادپەروەر کە نوێنەرایەتی ئیرادەی عێراقییەکان بکات.


لە کۆتایی پەیامە ڤیدیۆییەکەشیدا کازمی ڕایگەیاند: عێراق پێویستە لەسەر خواستی گەل بنیات بنرێت، نەك بە ئیرادەی دز و ئەوانەی لە یاسا دەرچوون و ئەوانەی بانگەشەی پشێویی دەکەن، هیچ شتێك نییە باشتر بێت لەوەی کە گوزارشت لە خواستی هاووڵاتیان بکات جگە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد کە لە نزیکترین کاتدا وادەکەی ڕادەگەیەنین.

پەرلەمانتاریکی عێراق:

حکوومەتی عێراق بەرپرسیارە لەوەی لە گۆڕەپانی تەحریر رووەدات

ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق، حکوومەتی وڵاتەکەی بە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەڕاستی بەغدای پایتەختی عێراق تۆمەتبار کرد.

نەدا شاکر جەودەت، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە حکوومەتی عێراق کە مستەفا کازمی سەرۆکایەتی دەکات، لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر و شەهیدکردنی دوو خۆپیشاندەر، بەرپرسیارە، چونکە پێکدادانەکە لەنێوان خۆپیشاندار و ئەو دامودەزگا ئەمنییانە ڕوویداوە کە ئەرکی پاراستنی ناوچەکەیان پێسپێردراوە.



جەختیشی کردەوە کە تۆمەتبارکردنی هێزی دەرەوەی یاسا لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە قبووڵکراو و جێی باوەڕ نییە.

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە کە حکوومەت فەرمانی بەکارهێنانی هێز و تووندوتیژی لە دژی خۆپیشاندەران داوە، هەروەک چۆن حکوومەتەکانی پێشووی عێراق کردوویانە.

قسەکانی پەرلەمانتارەکە دوای ئەوە هات کە شەوی ڕابردوو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئاژاوە و خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی تەحریری بەغدا ڕووی دا، لە ئەنجامدا دوو خۆپیشاندەر گیانیان لەدەست دا.

سەلاحەددین..

بەهۆی بۆردوومانێکەوە دوو تەقینەوە لەناو بنکەیەکی ئاسمانی ڕوویاندا

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە دوو تەقینەوە لەناو بنکەیەکی ئاسمانیی لە پارێزگای سەلاحەددین ڕوویان داوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی و مادییان نەبووە.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی لە ڕاگەیەندراوێکیدا ئاماژەی بەوەش داوە، دوو تەقینەوە لەناو بنکەی ئاسمانی شەهید ماجد تەمیمی (سپایکەر) لە پارێزگای سەلاحەددین کە هێزەکانی سوپای عێراق تیایدا جێگیرکراون، ڕوویانداوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی تەقینەوەکاندا، ئاگر لەناو بنکەکەدا کەوتووەتەوە کە دواتر لەلایەن تیمەکانی بەرگریی شارستانییەوە کۆنترۆڵکراوە. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی لە ڕاگەیەندراوەکەیدا باسی لەوەیش کردووە کە دوو تەقینەوەکە هیچ زیانێکی گیانی و مادییان نەبووە.

لە ڕاگەیەندراوەکە هۆکاری دوو تەقینەوەکە نەخراوەتەڕوو، بەڵام ئەفسەر لە ئۆپەراسیۆنەکانی سەلاحەددین، نەقیب سەعد محەمەد گوتی: بەپێی زانیارییەکان، ژمارەیەک سندوقی تەقەمەنی لەناو بنکەی ئاسمانی شەهید ماجد تەمیمی لەلایەن فرۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی نەناسراوە بۆردوومانکراون کە بەهۆیەوە دوو تەقینەوەکە لەناو بنکەکەدا، ڕوویانداوە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ لایەنێک بەرپرسیاریەتی خۆی لەوبارەوە ڕانەگەیاندووە.

ڕۆژی دووشەممە، سوپای عێراق ڕاگەیاندبوو کە سێ مووشەکی کاتیۆشا لە بنکەی تاجی کەوتوونەخوارەوە و بەهۆیەوە فرۆکەیەک، زیانی بەرکەوتووە. ئاماژە بەوە دەکرێت ماوەی چەند مانگێکە بەردەوام هێرشی مووشەکیی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران بۆ سەر ئەو ئامانجانە لە عێراق ئەنجام دەدرێت کە دیپلۆماتکاران و سەربازانی ئەمەریکا تیایدان.

ئەو هێرشانە دوای ئەوەی فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە سێیی کانوونی دووەمی ڕابردوودا لە بۆردوومانێکی فرۆکەکانی ئەمەریکا لە بەغدا کوژران، زیاد بوون.

واشنتۆن کەتائیبەکانی حزبوڵلای عێراق و گرووپە چەکدارەکانی دیکەی نزیک لە ئێران بە ئەنجامدانی هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر ئامانجەکانی ئەمەریکا لە عێراق تۆمەتبار دەکات.



لە شاریکی عێراق هەوڵی خانەنشینکردنی چەکدارێکی داعش دەدرێت و نەزاهە پێی دەزانێت

دەستەی نەزاهەی عێراق ئاشکرای کرد کە هەوڵدراوە مووچەی خانەنشینیی بۆ چەکدارێکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش خەرج بکرێت.

بەپێی ڕاگەیاندراوێکی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی سەر بە دەستەکە، میلاکاتی نووسینگەکە لە پارێزگەی ئەنبار توانیویانە مامەڵەیەکی تایبەت بە قەرەبووکردنەوە و خەرجکردنی مووچەی خانەنشینیی چەکدارێکی داعش بدۆزنەوە و ڕای بگرن. ئەوەش ئاشکرا کراوە کە ئەوان لە ڕێگەی لێژنەی قەرەبووکردنەوە و بەڕێوەبەرایەتیی شەهیدان و لقی ئەنباری دەستەی خانەنشینی نیشتمانییەوە، هەوڵی بەدواداچوونی ئەم دۆسیەیە دەدەن.

هەرچەندە لەم ڕاگەیاندراوەدا ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە ئاخۆ جگە لە خانەنشینییەکە، هەوڵدراوە چەکدارەکەی داعش لە بەرانبەر چی قەرەبوو بکرێتەوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ تا کۆتایی ٢٠١٧، زۆربەی ناوچە سوننەنشینەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای عێراق لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدا بوون و چەکدارەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە تاوانێکی زۆریان لە دژی خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق کرد.



خۆپیشاندان بەردەوامە و پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان ڕوویدا

حکوومەتی عێراق:

ژمارەیەک گرووپی تاوانکار لە گۆڕەپانی تەحریر گرژیی دروست دەکەن



هێزە ئەمنییەکانی بەغدا گازی فرمێسکڕێژ لە دژی خۆپیشاندەران بەکاردەهێنن

ئاژانس/ چەند ڕۆژێکە لە بەغدا و چەند شوێنێکی تری عێراق هاوڵاتیان دەستیانکردووە بە خۆپیشاندان و بەهۆیەوە ئالۆزی دروستبووە، لە شاری بەغدا پایتەختی عێراق، هاوڵاتیان دژ بە خراپی خزمەتگوزارییەکان وەک ئاو و کارەبا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەهۆیەوە پێکداهەڵپژان لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان ڕوویدا. دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکانیش لەئێستادا شەپۆلێکی گەرما ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق گرتووەتەوە و بەپێی پێشبینییەکان تا کۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت.

-١٣ کەس بە گازی فرمێسکڕێژ بریندارببوون بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستیی ناوچەی کەرخ ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە وەرگیراون لە گۆڕەپانی تەیەران نزیک گۆڕەپانی تەحریر، پێکداهەڵپژان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران دروست بوو و بەهۆی کاریگەری گازی فرمێسکڕێژەوە تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە ١٣ خۆپیشاندەر بریندار بوونە. بەگوتەی شایەتحاڵەکانیش، هێزە ئەمنییەکان بۆ کردنەوەی ڕێگاکانی گۆڕەپانی تەیەران گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێناوە و خۆپیشاندەرانیش بە بەرد و مۆڵۆتۆف وەڵامیان داونەتەوە.

-لە قەزای سەید خەلیل خۆپیشاندان کرا

هەروەها بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزاییەتی بەرانبەر بە خراپی ڕەوشی کارەبا، دانیشتوانی قەزای سەید دەخیل باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای زیقار خۆپیشاندانیان ساز کرد. میدیاکانی خۆجێی بڵاویان کردەوە کە دانیشتوانی قەزای سەید دەخیل خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان ڕوویدا. دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکانیش لەئێستادا شەپۆلێکی گەرما ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق گرتووەتەوە و بەپێی پێشبینییەکان تا کۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت.

-١٣ کەس بە گازی فرمێسکڕێژ بریندارببوون بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستیی ناوچەی کەرخ ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە وەرگیراون لە گۆڕەپانی تەیەران نزیک گۆڕەپانی تەحریر، پێکداهەڵپژان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران دروست بوو و بەهۆی کاریگەری گازی فرمێسکڕێژەوە تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە ١٣ خۆپیشاندەر بریندار بوونە. بەگوتەی شایەتحاڵەکانیش، هێزە ئەمنییەکان بۆ کردنەوەی ڕێگاکانی گۆڕەپانی تەیەران گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێناوە و خۆپیشاندەرانیش بە بەرد و مۆڵۆتۆف وەڵامیان داونەتەوە.

-لە قەزای سەید خەلیل خۆپیشاندان کرا

هەروەها بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزاییەتی بەرانبەر بە خراپی ڕەوشی کارەبا، دانیشتوانی قەزای سەید دەخیل باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای زیقار خۆپیشاندانیان ساز کرد. میدیاکانی خۆجێی بڵاویان کردەوە کە دانیشتوانی قەزای سەید دەخیل بەتایبەتیش کارەبا لە شاری بەغدا و ژمارەیەک شار و شارۆچکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەستیپێکراوەتەوە. دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکانیش لە کاتێکدایە کە لەئێستادا شەپۆلێکی گەرما ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق گرتووەتەوە و بەپێی پێشبینییەکان تا کۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت.

لە مانگی حوزەیرانی ڕابردووەوە، حکوومەتی عێراق دەسەڵاتی دانوستان و واژووکردنی گرێبەستێک بە بەهای زیاتر لە یەک ملیار یورۆ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وزەی کارەبا لە وڵاتدا، دابوو بە وەزیری دارایی. بەپێی وەزارەتی کارەبای عێراق، بەرهەمهێنانی کارەبا، دەگاتە ١٣ هەزار و ٥٠٠ میگاوات و پلانیش دانراوە کە لە میانی ئەمساڵدا، لە ڕێگەی وەگەڕخستنی ژمارەیەک وێستگەی نوێ، سێ هەزار و ٥٠٠ میگاواتی دیکە زیاد بکرێت.


-ژمارەیەک گرووپی تاوانکار گرژی دروست دەکەن

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە چاودێری ژمارەیەک گرووپی تاوانکاریان کردووە کە لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا، گرژیی دروست دەکەن. لەمبارەیەوە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا هاتووە لەژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە بەرایەکاندا لە ڕووداوەکەی شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممە، هێزە ئەمنییەکان چاودێری ژمارەیەک گرووپی تاوانکاریان کردووە کە لەناو خۆپیشاندانەکانەوە و لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا گرژیی دروست دەکەن .

وەزارەتی ناوخۆ جەختی کردووەتەوە لەسەر ڕاسپاردەکانی سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لەوەی لەبەر هەر هۆکارێک بێت، نابێت تەقە لە خۆپیشاندەران بکرێن و ڕاسپاردەی تۆندیش لەوبارەوە بە هێزە ئەمنییەکان دراوە. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە خۆپیشاندەران کراوە هاوکاری هێزە ئەمنییەکان بکەن بە ئامانجی پاراستنی گۆڕەپانی تەحریر و دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە هەوڵی تەنجامدانی کردەی تیرۆرکردن دەدەن و دەیخەنە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکانەوە. شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممە لە میانی خۆپیشاندانی ژمارەیەک لە هاوڵاتییانی شاری بەغدا پایتەختی عێراق کە دژبە خراپی ڕەوشی کارەبا و خزمەتگوزارییەکانی دیکە لە ناوەڕاستی شارەکە بەڕێوەچوو، ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕووی دا کە بەهۆیەوە دوو خۆپیشاندەر کوژراون و ژمارەیەکی دیکەیش بریندارببوون.







چلەی شەهیدی فەرماندە حەسەن زەمەقی

ئا: خەبات/

حەسەن زەمەقی، پێشمەرگە و فەرماندەی تێکۆشەر، چل رۆژ لەمەوبەر کۆچی دواییکرد، بەهۆی خۆپارێزی لە کۆرۆنا و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕۆژەدا واتە چل ڕۆژ تێپەڕین بەسەر کۆچی دوایی ئەو فەرماندە تێکۆشەرە مەراسیمی چلەی بۆ ڕێکنەخرێت.

حەسەن زەمەقی پێشمەرگەیەکی تێکۆشەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان و دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی، بەشداری چەندان داستانی قارەمانانەی کردووە و بە فەرماندەیەکی ئازا و چاونەترس ناسراو بووە، ئەمەش بەشێکە لە ژیاننامەی فەرماندە حەسەن زەمەقی:

ژیاننامەی فەرماندە حەسەن مەحمود محەمەد، ناسراو بە حەسەن زەمەقی:

لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی پشتەی سەر بە بناری بەموو چاوی بە دونیا هەڵبناوە.

هەر لە سەرەتای گەنجییەوە تاوەکو ساڵی ١٩٦٩ بووەتە پێشمەرگە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و لای فەرماندە کاك ئەحمەد شەمیرانی.

فەرماندە حەسەن زەمەقی پێشمەرگەیەکی چالاك و چاونەترس بوو، ڕۆڵ و پێگەیەکی دیاری لەناو هەڤاڵەکانیدا هەبوو، بەشداری لە شەڕەکانی زۆزگ و حەسەن بەگ کردووە و بە لێهاتوویی و زیرەکی خۆی جێگەی دەستی دیار بووە.

لە ناو ریزەکانی پێشمەرگەدا، ناوبانگی بەلێهاتوویی و زیرەکی دەرکردبوو هەتا نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. لە شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٩ پێوەندی کردووە بە شەهید (ئەحمەد حەسەن) شەمیرانی و زۆر لێهاتووانە بەشداری شەڕەکانی دەشتی شارەزووری کردووە.

هەڤاڵ حەسەن زەمەقی یەکێك لە چالاکترین فەرماندە لێهاتووەکانی پارتی و ڕێزی بارزانی بووە.

لە سنووری گەرمیان و شارەزوور و هەڵەبجە و قەرەداغ و سلێمانی لە هەموو چالاکی و نەبەردییەکانی ئەو سنوورانە جێگای دەستی دیار بووە.



زیندانییەکی سیاسیی کورد کە مەترسی لەسێدارەدانی لەسەر بوو ئازاد کرا

ماڵپەڕی هەنگاو رایگەیاند: بەندکراوێکی سیاسی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە گرتووخانەی ناوەندیی ئورمیە ڕاگیرابوو و مەترسی لەسێدارەدانی لەسەر بوو، ئازاد کرا و گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کەمال حەسەن ڕەمەزان سولو، بەندکراوی سیاسیی مەحکوم بەسێدارە، دوای تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەی لە گرتووخانەی ناوەندیی ئورمیە ئازاد کرا و بۆ زێدی خۆی ڕۆژئاوای کوردستان گەڕاوەتەوە.

کەمال حەسەن ڕەمەزان ٢٨ی پووشپەڕی ئەمساڵ (٨ ڕۆژ پێش) لە بەندیخانەی ئورمیە براوەتە دەرەوە و ساڵێ نیکبەخت پارێزەری ئەو بەندکراوە سیاسییە هەواڵی ئازادکراندنی پشتڕاستکردووەتەوە. کەمال حەسەن ڕەمەزان، تەمەن ٣١ ساڵ و خەڵکی شاری سریکانی ڕۆژاوای کوردستانە کە لە ڕێککەوتی ٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، لەگەڵ دوو کەسی دیکەی خەڵکی ماکۆ لە نزیك شاری ئورمیە دەستبەسەرکران. ناوبراو لە ڕێککەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لەلایەن قازی شیخلو بە ١٠ ساڵ و یەك ڕۆژ بەندکران حوکم درا. بەهۆی ئەوەی کە کەمال حەسەن ڕەمەزان حوکمی دادوەری قبووڵ کردبوو، حوکمەکەی بۆ ٧ ساڵ و ٦ مانگ کەمکرایەوە.

کەمال حەسەن لە ساڵی ١٣٩٥ بە تۆمەتی کوشتنی یەکێك لە ئەندامانی سوپای ئورمیە بەشێوەی غیابی حومکی سێدارەی بەسەردا سەپێندرا، لەو دادگەیەدا کەمال بە تۆمەتی ئەندامێتی لە پژاك و شۆڕشی چەکدارانە دادگەی و حوکمی بەسەردا سەپێندرا. ناوبراو دوای دەستبەسەرکرانی هەتا ئێستا لە بەندیخانەی ناوەندیی شار ئورمیە ڕاگیرابوو و لەو ماوەیەدا چەندینجار لەلایەن ئیتلاعاتی سوپای ئورمیە بانگ کرابوو.



ژمارەیەک تانکەری گواستنەوەی سووتەمەنی لە ئێران تەقینەوە

بەهۆکارێکی نەزاندراو، شەش تانکەری گواستنەوەی سووتەمەنی لە شاری کرماشان لە ڕۆژئاوای ئێران تەقینەوە و دواتر لە ڕێگەی ٢٣ ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکە دامرکێندرایەوە.

تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئێران باڵاوی کردەوە، کاتژمێر ١٠ی بەیانیی دوێنێ شەش تانکەری گواستنەوەی سووتەمەنی لە گەراجی ناوچەی دەوڵەتئاباد لە کرماشان تەقیوونەتەوە. لە ئاکامدا تانکەرەکان سووتان و دووکەڵێکی ڕەش بە ئاسمانی شارەکەدا، باڵاو بووەتەوە. بەبێ زانیاری دان لەبارەی زیانە گیانییەکانی ڕووداوەکە، ئاماژە بەوە دراوە کە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە لە ڕێگای ٢٣ ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکەیان کوژاندەوە.



زیاتر لە 40 کەس لە لایەنگرانی فەتحوڵڵا گوڵەن لە ڕیزەکانی سوپا دەستگیرکران

لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی فەتحوڵڵا گوڵەن لەنێو سوپادا، ٤١ کەس دەستگیرکران و داواکاری تورکیاش دەڵێ ئەو پرۆسەیە بۆ دەستگیرکردنی کەسانی تر درێژەی هەیە. لێکۆڵینەوەکانی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی کۆماریی ئیستانبوڵ لە ئەندامانی فەتحوڵڵا گوڵەن درێژەی هەیە و لەو چوارچێوەیەیشدا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ٦٨ ئەندامی سەر بەو ڕێکخراوە لەنێو سوپای تورکیادا دەرکرا کە ژمارەیەکیان ئەفسەری خانەنشینن.

لەمیانی ئۆپەراسیۆنێکی هاوکاتدا کە بە فەرمانی داواکاریی گشتیی لە ٢٣ پاریزگە ئەنجامدرا، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئیستانبوڵ، لەو ٦٨ گومانلێکراوە ٤١ کەسیان دەستگیر کرد کە شەشیان سەربازن، ٥٩یان خوێندکاری پێشووی سەربازین، دوویان لە کەرتی تایبەت کار دەکەن و یەکێکیان ئەفسەری خانەنشینە.

ڕووسیا.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە ملیۆنێک نزیک دەبێتەوە

13 هەزار و 504 کەس بە کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە



لە ڕووسیا کۆی گشتیی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19)، بۆ 832 هەزار و 515 و کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بۆ 13 هەزار و 504 کەس بەرزبووەتەوە.

لە ڕاگەیەنراوێکیشدا کە لەلایەن ووژگای خزمەتگوزاریی تەندروستیی هاوواڵتییانی ڕووسیا و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، باڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە کراوە کۆی گشتیی ژمارەی ئەو پشکنینانەی کە تا ئێستا ئەنجامدراون، زیاترە لە 27 ملیۆن و 300 هەزار.

یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆژی 31ی کانوونی دووەمی ڕابردوو و یەکەم حاڵەتی گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکە ڕۆژی 19ی ئاداری ڕابردوو لە ڕووسیا تۆمارکرابوو. لە کۆتایی مانگی ئاداری ڕابردووشەوە دەست بە گرتنەبەری ڕێکارەکان لەو وڵاتە کرابوو. لەو ناوچانەی کە ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون تیایدا کەم بوو، ڕێکارەکان شلکرابوونەوە، لەپاڵ ئەمەیشدا لەو شوێنانەی کە داخرا و قەرەباڵغ بوون، بەکارهێنانی دەمامك و دەستکێش کرابوویە ناچاریی. قەدەغەکردنی هاتوچۆ کە ڕۆژی 30ی ئاداری ڕابردوو لە موسکۆ دەستپێکردبوو لە ڕۆژی نۆی حوزەیرانی ڕابردووەوە هەڵگیرا.

لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنادا، ڕووسیا لە 27ی ئاداری ڕابردووەوە سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکانی ڕاگرتبوو. لە ڕۆژی یەکی ئابی داهاتوویشەوە گەشتە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەریەك لە تورکیا، ئیمارات و تەنزانیا دەستپێدەکاتەوە.

کەسی دیکەیش گیانیانلەدەستداوە و کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بۆ چوار هەزار و 421 کەس بەرزبووەتەوە.

ڕووسیا کە دوێنێ باڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کۆی گشتیی حاڵەتەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا گەیشتووەتە، 823 هەزار و 515 حاڵەت. هاوکات باس لەوەیش کراوە ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە بووەتە 13 هەزار و 504 کەس و ئەو کەسانەشی کە چاکبوونەتەوە کۆی گشتییان بووەتە 612 هەزار و 217 کەس.

ڕێژەی هەڵکشانی ڕۆژانە لە ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون لە سەرانسەری ڕووسیادا لە 0.7 لەسەدا مایەوە. ڕێژەی لەسەدا 30ی حاڵەتە نوێیەکانیش هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەیان نییە. لە مۆسکۆی پایتەخت کۆی گشتیی تووشبووان لە شارەکە بووەتە، 239 هەزار و 315 و 10

جێگری پارێزگاری هەولێر:

تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکمان نییە لە رۆژانی جەژن قەدەغەکردنی هاتوچۆ رابگەیەنین

قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەنێوان شارەکان بەردەوام دەبێت





هێمن قادر ،جێگری پارێزگاری هەولێر، لە لێدوانێکدا بەئاژانسی ئانادۆلوی رایگەیاندووە : تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکمان نییە لە رۆژانی جەژن قەدەغەکردنی هاتوچۆ رابگەیەنین، تەنها ئەو شوێنە گشتییانە نەبێت کە دەبنە هۆکاری قەرەباڵغی و کۆبوونەوە و بەرەککەوتنی هاوواڵتیان بە داخراوی دەمێننەوە و ئەوانی دیکە ئاسایی دەبێت وەک رۆژانی پێش جەژن.

هەروەها گوتیی: بڕیارەکە وایە لەناو شار هیچ قەدەغەکردنێکی هاتوچۆ نابێت تاوەکو رەوشە تەندروستییەکە ئەگەر بە ئاراستەیەکی دیکە نەڕوات، ئەو کاتەیش بڕیاردەدەین چۆن دەبێت.

هێمن قادر دەربارەی نوێژی جەژنیش رایگەیاند :بەپێی بڕیاری وەزارەتی ئەوقاف بڕیاردراوە نوێژی جەژن نەکرێت بۆیە لە هەولێریش نوێژی جەژن قەدەغە دەبێت و چونە سەرقەبرانیش رێپێدراو نییە.

گوتیشی: قوربانیکردن لە قەسابخانەی گشتیی هەولێر دەبێت، وەک جەژنەکانی رابردوو لە رۆژانی جەژندا قەسابخانە کراوە دەبێت و هاوواڵتیان دەتوانن لەوێ قوربانییەکانیان سەربڕن.

جێگری پارێزگاری هەولێر دەربارەی هاتنی گەشتیارانیش بۆ ناو شاری هەولێر گوتی: بەپێی بەیانی ژمارە 44ی وەزارەتی ناوخۆ قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەنێوان شارەکان بەردەوام دەبێت، کەواتە هیچ گەشتیارێک بۆی نییە داخڵی ناو شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بێت، جگە لەو حاڵەتانەی کە زۆر پێویستن یان ئەو کەسانەی نیشتەجێی ناو شاری هەولێرن یان ئیقامەی شاری هەولێریان هەیە ئەویش لەڕێگای ژووڕەکانی ئۆپەراسیۆن تەنسیقیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی داخڵی ناو شاری هەولێربن.

بەرهەمی هەنگوین لە هەرێمی کوردستان کەمیکردووە



جگە لە هۆکارە سروشتییەکەی، هەنگەوانان کواڵیتی ئەو مادانە بە هۆکار دەزانن کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەیاندات، بەڵام وەزارتی کشتوکاڵ دەڵێت «گرفتەکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرمانەکەیە نەک لە کواڵیتی».

ئەحمەد پشدەری، سەرۆکی ڕێکخراوی هەنگەوانانی هەرێمی کوردستان گوتی: «وەزارەتی کشتوکاڵ هەندێ مادەدە دابەشکردووە وەکو هاوکاری، هەرچەندە پارەشیان لێ وەرگرتووین، بەڵام کاریگەری خراپی هەیە».

بەڵام د.عەبدولڕەحیم عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و پسپۆڕی بواری هەنگ دەڵێت:«گرفتەکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرمانەکەیە نەک کواڵیتییەکەی، ئەگەر دەرمانی دژە (شریتی ڤاروان) بە نموونە وەربگرین، وەزارەتی کشتوکاڵ بە سێ دۆلار لە وڵاتانی ئەورووپای دەکڕێت و بە سێ هەزار دینار بە هەنگەوانانی دەفرۆشێتەوە».

ئەحمەد پشدەری دەڵێت «زۆری بارانبارین، نزمبوونەوە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، ڕەشەبا و کەمی شیلە، هۆکاری سەرەکین بۆ کەمبوونەوەی بەرهەمی هەنگوین».

وەرزی بەهار باشترین وەرزە بۆ زاوزێ و دانانی گەرای هەنگ، چونکە هەڵاڵە زیاترە و کەشوهەواش لەبارە، بەڵام کە پلەی گەرما بەرزبووەوە، هەنگەوانەکان هەنگەکانیان دەبەنە کوێستانەکان>

بەگوتەی پشدەری «پارسڵ، سڵی زێرینی هەنگوین بوو، لە هەرێمی کوردستان 300 تۆن هەنگوین بەرهەمهێنرا، بەڵام ئەمساڵ بەرهەمەکە زۆر کەمدەکات، بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکان کەمکردنەکە دەگاتە 60%.

بەشیر حەداد پرسەنامەیەک ئاراستەی خانەوادەی (دایکە عائیشە) دەکات

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکە عائیشە، دایکی سێ شەهیدی کوردستان، پرسە نامەیەک ئاراستەی خانەوادە و کەس و کاری دەکات ئەمەش دەقەکەیەتی:

﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ﴾ .

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (دایکە عائیشە)مان پێگەیشت، بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری ئەو ئافرەتە خۆراگرە دەکەین کە دایکی سێ شەهیدی قارەمانی کوردستان بوو. خوای گەورە کۆچکردوو بخاتە بەر دلۆقانی خۆی و سەبووری و ئاراممییش بە کەسوکار و خانەوادەکەی ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

خانەوادەی بەڕێزی حەمەی حاجی ڕەشید موبڕیی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیار و تێکۆشەر و خێرخوازی سلێمانی و شارباژێر و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلوول لە پارێزگای سلێمانی، کاک حەمەی حاجی ڕەشید موبڕیی مان پێ گەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەر و بەڕێزەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی ئەو هەڤاڵەمان بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

* * * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی حەپسە محەمەد ئەمین مراد،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(حەپسە محەمەد ئەمین مراد)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

برایەک خوشکەکەی خۆی کوشت


لە گەڕەکی قەڵاتی نوێی شاری هەولێر برایەك خوشکەکەی خۆی دەکوژێت و پاشان لە لایەن هێزەکانی پۆلیسیەوە دەستگیر دەکرێت.



لە بارەی ڕووداوەکەوە پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: بەشی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر/ بنکەی پۆلیسی دەشتی هەولێر ئاگادارکرانەوە بەبوونی ڕووداوێکی کوشتن لە سنوری بنکەکەیان، پاش ئاگادارکردنەوە تیمی لێکۆڵینەوە گەیشتنە شوێنی ڕووداو و دەرکەوت کەوا کچێک بەناوی (ز) لەلایەن براکەی بەناوی (س.ح.س) کوژراوە.

ڕاشیگەیاند: تۆمەتبار دوای ئەنجامدانی تاوانەکەی لەشوێنی ڕووداو ڕایکردبوو، دوای کەمتر لە 12 کاتژمێر توانرا تۆمەتباری ناوبراو دەستگیر بکرێت و دەست بەسەر ئەوچەکەشدا بگیرێت کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە و بەند کرا بە پێی مادەی 406 لە یاسای سزادان.

هێزێکی ئێرانی 26 سەر ئاژەڵی خەڵکی سیدەکان دەبەن و دەیفرۆشن



بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان ئاشکرای کرد سوپای پاسداران بە دەیان سەر ئاژەڵی هاوواڵتیانی گوندە سنوورییەکانی سیدەکانیان بردووە و دواتر بە بیانووی بەزاندنی سنوور فرۆشتوویانن. بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکان ڕایگەیاند: «لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن دانیشتوانی گوندی «ژیلیا»ی سەر بە ناحیەی سیدەکان ئاگادار کراینەوە کە سوپای پاسداران 26 سەر مانگای ئەوانی بە بیانووی بەزاندنی سنوور بردووە و ئاودیوی وڵاتەکەیان کردووە، بەپێی زانیارییەکانمان دوای بردنی ئەم ئاژەڵانە بە شێوەی (مزایدە) واتە فرۆشتنی ئاشکرا فرۆشتوویانن.

گوتیشی: «سەرووی خۆمان لەو بابەتە ئاگادار کردەوە و لەڕێگەی بەشی یاسایی لە پارێزگای هەولێر بە فەرمی لەسەر ئەم بابەتە قسە لەگەڵ کونسوڵخانەی ئێران، هەروەها لەڕێگەی پاسەوانی سنوورەوە قسە لەگەڵ پاسەوانی سنووری ئێران کراوە، بە نووسراویەکی فەرمی لەڕێگەی پەیوەندییەکانەوە داوامان لە وڵاتی ئێران کردووە قەرەبووی ئەم هاووڵاتیانە بکرێتەوە کە ئاژەڵەکانیان براون».

بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکان ئەوەشی ئاشکرا کرد: «هەرچەندە هیوایەك هەیە بەهۆی گوشارەکانەوە، حکوومەتی ئێران قەرەبووی ئەم هاووڵاتیانە بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچی فەرمی نییە و چاوەڕوانین».

جارا ئێکێ یە هەناسا دەستکرد بو نەخۆشەکێ کۆرۆنایێ دهێتە دانان



د.موئەیەد ئەغالی، سەرپەرشتێ چارەسەریا نەخۆشێن کۆرۆنایێ ل دهۆکێ دیارکر کو نەخۆشەکێ دهۆکێ پێدڤی ب دانانا هەناسا دەستکرد بوو.

دیارکر نەخۆشەکێ کۆرۆنایێ کو ژیێ وی63 سالن، پشتی تووشی بێهنتەنگیەکا دژوار بووی و سیهێن وی ژکارکەتین، پێدڤی ب هەناسەدانا دەستکرد بوویە و ژلایێ نۆشدارێن تایبەتمەند بوو هاتە دانان و گۆت: ئەڤە ئێکەم نەخۆشێ کۆرۆنایێ یە پێدڤی ب هەناسەدانا دەستکرد دبیت ل دهۆکێ و نوکە د چاڤدێریا چرِ دایە و ژلایێ تیمێن نۆشداری چاڤدێریا وی دهێتە کرن.

هاووڵاتییەک بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەست دا

سەرلەبەیانی دوێنێ سێشەممە لە گەڕەکی «قۆریە»ی شاری کەرکووك، هاووڵاتییەك بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەست داوە. بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی «دۆمیز» لە شاری کەرکووك ڕایگەیاند: «دوێنێ سێشەممە 2020.7.28 لە گەڕەکی «قۆریە»ی شاری کەرکووك هاووڵاتییەکی تەمەن 39 ساڵ بەناوی (حوسێن حەسەن محەمەد) بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەست داوە.» گوتیشی: «ئەو هاووڵاتییە خەڵکی قەزای تەلەعفەری سنووری پارێزگای موسڵ و ئاوارەی پارێزگای کەرکووکە.»

هەڵمەتی بڕینی زێدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی ئاو لە هەولێر بەردەوام دەبێت

جێگری پارێزگاری هەولێر: بەردەوام دەبین لە هەڵمەتی لابردنی زێدەڕۆییەکان و سزای ئەو کەسانە دەدرێت کە سەرپێچی دەکەنە سەر مۆڵکی گشتی

بەدواداچوون: سەید فاتیح بەرزنجی


بە بڕیاری دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێرو بە ئامادەبوونی ئەندازیار مەسعود کارەش جێگری پارێزگاری هەولێر و نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و بەڕێوەبەری شارەوانی دوو، بەهاوکاری هێزەکانی زێرەڤانی و پۆلیسی شارەوانی، هەڵمەتێکی فراوانی بڕینی ئەو زێدەڕۆییانەی کە کراونەتە سەر ئاوی مااڵن لەشاری هەولێر دەستپێکرد. ژمارەیەکی زۆری هاوواڵتیان لەهەولێر زێدەڕۆییان کردۆتە سەر بۆڕییەکانی ئاو و بە زێدەڕۆیی بۆڕی ئاویان راکێشاوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەك گەرەکی شاری هەولێر تووشی کێشەی کەمئاوی ببن.

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر:

بەم هەڵمەتە تا رادەیەک کێشەی کەم ئاوی چارەسەر دەبێت

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر:

چاوپۆشی لە هیچ کەسێک ناکەین و هەڵمەتەکەش بەردەوام دەبێت





ئەو هەڵمەتە هەموو گەرەکەکان دەگرێتەوە

سەرەتای هەڵمەتەکە لەگەرەکی وەزیران دەستپێکرد، شایانی باسە لەو گەرەکەدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەو گەرەکە بەزێدەڕۆیی ئاویان بۆ باخچەی بەردەمی ماڵەکانیان راکێشاوەو لەهەندێ کۆاڵنی ئەو گەرەکەش ژمارەیەك هاووڵاتی سکاڵایان هەبوو بە هۆکاری زێدەڕۆییکردنە سەر بۆڕی ئاو، ئەوبوو لەاڵیەن تیمەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر بۆڕیە ئاوە زێدەڕۆیەکان لادران، لەمبارەیەوە جێگری پارێزگاری هەولێر رووندیکردەوە: ئەو هەڵمەتە درێژەی دەبێت و سەردانی زۆربەی گەرەکەکان دەکرێ بەمەبەستی بڕینی زێدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی ئاو، دیارە لەو گەرەکە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان زێدەڕۆییان کردۆتە سەر تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە بۆ ئاودانی باخچەی بەردەمی ماڵەکانیان و ئەو زێدەڕۆییەش کراوەتە سەر بۆڕی سەرەکی، بەداخەوە زۆربەی هاووڵاتیان دوو بۆڕی ئاویان بۆ ماڵەکانیان و باخچەی بەردەمی ماڵەکانیان بە شێوەی زێدەڕۆ راکێشاوە و هەندێ هاووڵاتیش پێوەری ئاویان نەبەستاوەو چاویان لە سەرپێچیکردنە، داواش لە هاووڵاتیان دەکەین کە بەهیچ شێوەیەك نزیکی سەرپێچیکردن نەکەونەوە، ئەگەرهەر هاووڵاتیەك چاوی لە سەرپێچی کردنبێت، ئەوا بەپێی یاسا سزا دەدرێت و ئێمە لە پارێزگای هەولێر بەردەوام دەبین لە هەڵمەتی لابردنی زێدەڕۆییەکان و سزای هەموو ئەو کەسانە دەدرێت کە سەرپێچی دەکەنە سەر مۆڵکی گشتی، بەتایبەتی هەڵمەتی لابردنی زێدەڕۆیی سەر تۆڕی ئاو و کارەبا کە دوو سێکتەری زۆر گرنگن، بۆیە پێویستە ئەو جۆرە هەڵمەتانە بەردەوامبن تا ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن واز لە سەرپێچیکردن دەهێنن و ئەوانەی کە کێشەی کەمئاوییان هەیە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتن و ناتوانن رۆژانە ئاو بەپارە بکڕن، هەڵمەتەکەشیان لەپێناو بەرژەوەندی گشتییەو بەهۆی لابردنی ئەو زێدەڕۆیانەوە کێشەی کەم ئاوی نامێنێ، هەر لەهەڵمەتەکەدا ئەوانەی کە بەزێدەڕۆیی بۆڕی ئاوی راکێشابێت بۆڕی ئاوەکەی لێدەبردرێت و ئاگاداریش دەکرێتەوە و پێویستە سەردانی فەرمانگەی ئاوی هەولێر بکات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لەسنووری پارێزگای هەولێر ٢٣بیری ئاو لێدەدرێت، لە ئێستادا کارکردن لە لێدانی ژمارەیەك بیری ئاو دەستپێکردووە و لەگەڵ تەواو بوونی ئەو بیرە ئاوانە تارادەیەکی بەرچاو کێشەی کەم ئاوی لەشاری هەولێر کەمدەبێتەوە و لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵمەتی لابردنی زێدەڕۆییەکانی سەر هێڵەکانی تۆڕی ئاو کێشەکە چارەسەر دەبێت و هەموو ئەو کەسانەی کە بەنایاسایی بۆڕی ئاویان راکێشاوە بۆ باخچەی بەردەمی ماڵەکانیان ئەوا بۆڕی ئاوەکانیان لێدەبردرێ و ئاگاداریش دەکرێتەوە تا چیتر زێدەڕۆیی نەکاتە سەر هێڵەکانی ئاوی خواردنەوەی ماڵان.

هەڵمەتەکە بەردەوام دەبێت

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر سەبارەت بە کێشەی کەمئاوی و چۆنیەتی چارەسەرکردن و ئەو هەڵمەتەی ئێستا هەیە رووندیکردەوە: لەو هەڵمەتەدا یەکەمین وێستگە سەردانی گەرەکی وەزیرانمان کرد و لەوێدا ژمارەیەك هاووڵاتی ئەو گەرەکە سەرپێچیان کردبووە سەر هێڵەکانی ئاوی خوادرنەوەی ماڵان و هەموو ئەو بۆڕیە ئاوانەمان بڕی کە بە زێدەڕۆیی راکێشرابوون، ئەوانەی کە پێوەری ئاویان نییە، ئاگادار دەکرێنەوە تا بەزووترین کات پێوەری ئاو ببەستن، لە هەڵمە تە کە دا نزیکەی (١٦) سەرپێچی سەر تۆڕی ئاو بڕدران کە ئاویان بۆ باخچەی ماڵەکانیان راکێشابوو، ئەوانەی کە بۆڕی ئاوەکانیان لێ بڕدرا بە هیچ شێوەیەك ناتوانن بۆڕی ئاوەکان دووبارە بگەڕێننەوە، ئەو کەسەی کە دووبارە بۆڕی ئاوەکە ببەستێتەوە ئەوا بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. دوای تەواو بوونی ئەو گەرەکە و لەدوای جەژنی قوربانی پیرۆزیش، هەڵمەتەکە لەگەرەکی ٣٢ی پارك دەست پێدەکات، دواتر هەڵمەتەکە لە گەرەکی راستی تازەو لەگەرەکی ڕۆشنبیری و فەرمانبەران و گەرەکی هاوکاری دەست پێدەکات و هەڵمەتەکە لەسنووری پارێزگای هەولێر بەردەوامی دەبێت.

گوتیشی: بە بڕینی ئەو هەموو سەرپێچیانە کێشەی کەم ئاوی چارەسەر دەبێت، بەداخەوە لە گەرەکی وەزیران لە چەند شوێنێك ئاوی سەر باخچەکان لەکاتی شەودا تا بەیانی بە فیرۆ دەڕوات و ئاوێکی زۆر بەهەدەر دەڕوات، ئەو کارەش دووبارە لە دابونەریت و پابەند نەبوونە بە ڕێنمایی و یاساکان، پێویستە ئەو کەسانە سزا بدرێن لەکاتی دووبارە کردنەوەی زێدەڕۆیی سەر هێڵەکانی ئاو.

هەڵمەتی بڕینی ئاوی زێدەڕۆ بەبێ جیاکارییەو هەموو ئەوانەی کە بۆڕیەکانی ئاویان لێدەبردرێن بەهیچ شێوەیەك جیاوازی لەنێوانیاندا ناکرێت.



دواتر نەبەز عەبد و لحە مید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر رووندیکردەوە: لە هەڵمەتەکانی پێشووتریش ئەنجامدراون لەو شوێنانە دەست پێدەکەین کە دانیشتووانەکەی باری داراییان باش بێت، جا هەرجۆرە تۆزێك بێت، دەوڵەمەندو خەڵکی دەسترۆیشتوو بێت یان کەسێکی دیکە، تا هاووڵاتیان لە نزیکەوە بزانن کە ئێمە جیاکاری لەنێوان هیچ جۆرە چین و تۆزێك ناکەین، لە هەمووی گرنگتر چاوپۆشی لەهیچ کەسێك ناکەین و هەڵمەتەکەش بەردەوام دەبێت و هەموو ئەو کەسانەی کە سەرپێچی دەکەنە سەرتۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە بەپێی یاسا سزا دەدرێن و داواش لە هاووڵاتیان دەکەین کەخۆیان بەدوور بگرن لە سەرپێچیکردنە سەر تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە تا دووچاری سزای یاسایی نەبنەوەو ئەوانەشی کە پێوەری ئاویان نەبەستاوە دەتوانن سەردانی فەرمانگەی ئاوی هەولێر بکەن.

تیمێکی قائیمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر شوێنە گشتییەکان دادەخەن





کارمەندێکی قائیمقامیەتی هەولێر:

ناچارم بەدەستی خۆم ئەو شوێنە دابخەم، کە هەمیشە حەزدەکەم سەردانی بکەم



فەرماندەیەکی زێرەڤانی: لەوە ناخۆشتر نییە کە بەدەستی خۆمان شوێنی کارو کەسابەتی هاووڵاتیانی خۆمان دادەخەین

خەبات: ئەردەلان ئازگەیی

بە بڕیاری ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا، لە رۆژانی هەینی (بازاڕە میللییەکان و گۆڕەپانی باڵندەفرۆشان و پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل و گۆڕەپانی ماتۆرسکیل و پایسکلفرۆشان) دادەخرێن، کە زۆرترین قەرەباڵغی و بەریەککەوتنی هاووڵاتیانی تیادا بەدی دەکرێت، بەاڵم لایەنی جێبەجێکاری ئەو بڕیارانە تیمێکی شارەزا و هاوبەشن، کە قائیمقامییەتی قەزای ناوەندیی هەولێر سەرپەرشتییان دەکات.

قائیمقامییەتی قەزای ناوەندیی هەولێر بە هاوکاری بەشی پۆلیسی شارەوانی و هێزێکی تایبەتی زێرەڤانی، بۆ رۆژانی هەینی و ئەو بڕیارانەی لەاڵیەن ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێرەوە دەردەچن، ئەو شوێنە گشتییانە بەتەواوی دادەخات و هاتوچۆکردن تیادا قەدەغە دەکات، ئەو تیمەش بەیانییەکی زووی ئەو رۆژانەی کە پێویستە قەدەغەی هاتوچۆ لەو شوێنانە بکرێت، بەرلەوەی هاونیشتیمانیان بڕۆن بۆ شوێنەکانانیان، ئەو بازاڕە گشتییانە دادەخەن و بۆ پاراستنی گیان و تەندروستی هاوواڵتیان رێگە نادەن قەرەباڵغی لەو شوێنانە دروست ببێت.

فەرماندەیەکی هێزی زێرەڤانی لەو کاتەی تیمەکەی خەریکی داخستنی بازاڕی میللی باڵندەفرۆشان بوون گوتی: لەوە ناخۆشتر نییە کە بەدەستی خۆمان شوێنی کارو کەسابەتی هاووڵاتیانی خۆمان دادەخەین، بەاڵم ناچارین و تەندروستی ئەوان گرنگترە لە هەموو شتێکی دیکە.

هاوکات یەکێك لەو پۆلیسانەی لەگەڵ تیمی پۆلیسی شارەوانی لەو ئەرکەدا بەشدارن، دەڵێت: ئەگەر وانەکەین قەرەباڵغییەکی یەکجار زۆر دروست دەبێت، ئەوەیش مەترسی تەشەنەکردنی زیاتری ڤایرۆسەکە زیاتر دەکات، بۆیە پێویستە هاووڵاتیان و کاسبکاران ئەوە بزانن کە ئەمکارەی ئێمە جگە لە بەرژەوەندی ئەوان هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نییە.

لەنێو تیمەکەی قائیمقامیەتی قەزای ناواندیی هەولێر، کارمەندێکی قائیمقامییەت دەڵێت: خۆم یەکێکم لەو هاووڵاتیانەی کە هەموو رۆژانێکی هەینی سەردانی بازاڕی باڵندەفرۆشان دەکەم، بەاڵم لە ئێستادا ناچارم بەدەستی خۆم ئەو شوێنە دادەخەم، کە هەمیشە حەزدەکەم سەردانی بکەم.



لە یادی 37ساڵەی بێسەرو شوێنکردنی 8000 بارزانیدا

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ئەنفال تاوانێکی تری نامرۆڤانەیە کە رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بۆ قڕکردن و لە ناوبردنی نەتەوەی کورد بە دڕندانەترین شێوە بەکاری هێنا تاکو ئەم گەلە لەناو ببات، کە ئەو تاوانانە ئەمڕۆ بوەتە شوناسێکی ڕەش و نەگریس بە مێژووی پڕ لە ستەمی رژێمی بەعس و هاوکات بووەتە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکراش بۆ زوڵم لێکراویی کوردو ڕەوایەتی خەباتی ئەم میللەتەش لە دوێنێ و ئەمڕۆدا نیشان دەدات لە پێناو بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیوەك بەشێك لە پرۆسەی جێنوسایدی نەتەوەی کورد کارەساتی ئەنفالکردنی 182 هەزار مرۆڤی بێتاوانی ئەم میللەتە بە دەستی رژێمی بەعس جێبەجێکرا، لە چوارچێوەی ئەو تاوانەدا لە 31/7/1983 رژێمی بەعسی ئابلۆقەی ئۆردوگای قوشتەپەو بەحرکە و شوێنەکانی تری داو سەرئەنجام 8 هەزار پیاوی بارزانیان ڕاپێچ کردو دواتر شوێن بزرو زیندەبەچاڵیان کردن.

جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ یادی کارەساتی ئەنفاڵ لە 2016-7-31 ئاماژە بە هەڵوێست و مەردایەتی خەڵکی هەولێر و دەوروبەر دەکات و فەرمووی:

«لەیادی ئەنفالی بارزانییەکاندا بەپێویستی دەزانم سوپاسی خەڵکی ئازیز و خۆشەویستی دەشتی هەولێر و هەریر و سۆران بکەم کە لە ڕۆژە تاریك و ناخۆشەکاندا کوردانە و مەردانە هاوسۆزی بارزانییەکان بوونە و یارمەتییان داون و ئازاری بارزانییەکانیان بە ئازاری خۆیان زانیوە. سوپاسی شێرەژنانی بارزانی دەکەم کە کەسوکاریان ئەنفال کران و ساڵانی زۆر و ماوەیەکی درێژ بۆ منداڵەکانیان هەم باوك بوونە و هەم دایك. تەحەمولی لەدەستدانی ئازیزان و تەحەمولی ئازار و سەختییەکانیان کردووە و سەربەرزانە ڕۆڵەکانیان لەسەر کوردایەتی و ڕێبازی ڕاست پێگەیاندووە.

بۆ یادکردنەوەی 37مین ساڵیادی بێسەرو شوێنکردنی 8000 هەزار بارزانیدا بۆ ئەم یادە ئێمە وەکو ڕۆژنامەی خەبات چوینە دەقەری بارزان لە گوندی سەدەر چوینە خزمەتی 2 خانەوادەی ئەنفالکراوەکانی بارزانییەن ئەوانیش 2ئافرەتی دڵسۆز دایکە(عایشە حوسێن) هاوسەری ئەنفالکراو (عومەر عومەر خەڵانەی) و دایکە(مەگروم سەعید) هاوسەر ئەنفالکراو(ساڵح حەیدەر خەڵانەیی) وخزم و کەسوکاریان ئەنفالکراوەکانی بارزانییەکان کە چوومە خزمەتیان دڵیان زۆر شاد بوو کە بەسەریان دەکەینەو، ئەوان دوای ئەنفالکردنی هاوسەر و کەسوکاریان زۆر سەختیان کێشاوە و یادو یادەوەرییەکانیان پڕە لە نەخۆشی کە لە نەبوونی هاوسەرە ئەنفالکراوەکانیان منداڵەکانیان زۆر بە سەختی گەورە کرد بۆیە ڕۆڵی ئەوان مەردانە بوو، ئەو خانەوادەی جگە لە ئەنفال، ئەو خانەوادەیە بنەماڵەی شەهیدی فەرمانەدە نەبی سەر ئاسن خەڵانەیی و شەهیدی فەرماندە سلێمان عومەرخەڵانەیی وشەهیدی فەرماندە عوزێر خەڵانەیی و شەهیدی فەرماندە حاڵی خەڵانەیی و شەهید خدر عومەر خەڵانەیی، کە ڕۆڵیان دیارە ئەمڕۆش بەردەوام بۆ خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر

لە دیدارەکەدا، سەرەتا دایکە(مەگروم سەعید) بڕازای شەهید کەوتکە هاوسەری ساڵح مەعروف خەڵانەیی، کە لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پێشمەرگە بووە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە عوزێر خەڵانەیی و شەهیدی فەرماندە حاڵی دۆڵەمەری کە لە بارەگای بارزانیی نەمر لە دێلیان خزمەتی هەبووە، باو بڕای هاوسەری یوسف و باوکی هاوسەری حەیدەر خەڵانەیی وکەسوکاری ئەنفال کراوەن،لەبارەی چۆنییەتی کارەساتی ئەنفال گوتی:

دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی 1975 کە زۆرینەی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە بە ماڵ و منداڵەوە ئاوارەی ئێران بوون لە گەڵ بارزانیی نەمر، ئێمە لە کوردستان ماینەوە، قۆناغێکی تری ڕاگواستی بارزانییەکان دەستپێکرد کە زۆر ناخۆش بوو، ئەو کات ئێمە لە گوندی خۆمان سەدەر- خەڵانەیی بووین ژیانێکی سادە وساکارمان بە کاری کشتوکاڵی دەبردە سەر، نزیکی پایز بوو کە پیاوانی رژێمی بەعس هاتنە دەڤەری بارزان، بە تانك و زیلی عەسکەری و سەربازی خۆئامادەکردنەوە دەستیان بە سەر هەموو گوندەکانی ئەم دەڤەردا گرت وە هاتنە هەموو گوندەکانی دەڤەری بارزان و نەیانهێشت کەس لە گوند بچێتە دەرەوە، دوایی چەند زیلێکی سەربازیان هێناو ئێمەیان سواری زیلەکانیان کردو بردمانیان بەرەو هەولێر، کەس نەیدەزانی بۆ کوێیان دەبەن، دواتر ئێمەیان ڕاگواست بۆ (خواروی ئێراق) و ئەو جێگایە کە ئێمەیان بۆ برد بیابانێکی وشك بوو، کە ژیانمان زۆر بە سەختی لێ دەگوزەڕاند.

دواتر دایکە(عایشە حوسێن) کە هاوسەری(عومەر عومەر خەڵانەیی) ئەنفال کرا بوو، گوتی:

هەروەك خاتوو مەگروم بۆتانی باس کرد هەروا بوو کە رژێمی بەعس بەچەند زیلێکی سەربازیان هێناو ئێمەیان سواری زیلەکانیان کردو بردمانیان بەرەو هەولێر، دواتر ئێمەیان ڕاگواست بۆ (خواروی ئێراق) ، ئەو ڕۆژانە قەد لە یادم ناچێت،زۆر سەختبوو، لە خواروی عێراق ئەو شوێنەی دەشتێکی وشك بوو، نەشوێنی مانەوە، ئێمەیان لەو دەشتانە دانا هەندێك شوێنی لە حەسیرو دار بوون، نە خانوو نە خواردنی تێیدا نەبوو، ئەوە شوێنە وشك و دەشتە مان و نەمان بوو، کەش و هەوای ئەو شوێنەی زۆر ناخۆش بوو ، هەتا لەو بیابانە ئاوێکی پیدا دەهات زۆر پیس بوو کە لەشی سەگی تۆپیو و پیشیلەو شتی زۆر پیس پێدا دەهات، زۆر کەس بە هۆی ئەو ئاوە پیسە کۆچی دواییان کرد، باس کردنی بە چەندەها لاپەڕە تەواو ناهێت و هەموو ئەو بارزانییانەی کە لەگەڵ ئێمە بوون ئەوانیش دەزانن کە چەند دەردەسەری زۆرمان بێت، هەتا پیاوەکانی ئێمە دەچوون ئیش و کاریان دەکرد بۆ بژێوی ژیان، لە ماوەی 4 ساڵ زیاتر زۆر بە ڕەزالەت ژیانمان بردەسەر، پاشان ئێمەیان گواستەوە بۆ قوشتەپە.

دایکە(مەگروم سەعید عەزیز)باسی کارەساتی ئەنفالی بارزانییەکان ، دەگڕیا و دواتر، گوتی:

هەروەك خاتوو(عەیشە) باسی کرد بەراستی لەو دەشتە ژیانێکی نەمری و نەژی و بە ڕەزالەت بۆ ماوەی (4) ساڵ زیاتر لەوێ ماینەوە، ئەو کاتانە زۆر ناخۆش بوو چونکە زۆر ڕەزالەت و سەختیمان بینی پاشان ئێمەیان گواستەوە بۆ قوشتەپە، بۆ ماوەی (3) مانگ زیاتر لە بن (خێمە)دا بووین، دواتر ئۆردوگایەکیان بۆ ئێمە دروست ئەمساڵ 37 ساڵ دەبێت یادی کارەساتی ئەنفالکراوەکانی بارزانییەکان دەکەینەوە لە 31/7/1983 رژێم لە بەرەبەیانێکی کە هێشتا نوێژی بەیانی نەببوو، سوپای دڕندی رژێمی بەعس بە جۆرەها هەلیکۆپترو هێزی عەسکەری و تانك دەوریان لەم ئۆردوگایە دابوو، پیاوانی ئێمە کە دەچوونە سەر ئیش لە سەر ڕێگا هەموویان گرتن و دەوری ئوردوگای قوشتەپەیان گرت و هێرشیان کردە ناو ماڵەکان و هەموو ئەو پیاوە بارزانییانەی لە تەمەنی لاوی تا تەمەنی بە سەرەوە بوون بردیان و هەتا هاوسەرم (ساڵح حەیدر) و باوکی هاوسەرم (حەیدەر خەڵانەیی) و برای هاوسەرم (یوسف خەڵانەیی) لەگەڵ چەندەها کەسوکاری ترم و هەموو ئەو پیاوە بارزانییەکان لە تەمەنی لاویەتی تا پیر و ئەوانەی کە پەککەوتوو بوون ئەنفال کران، دواتر ئێمە لەم ئۆردوگایەدا نەمانزانی چی بکەین لە لایەك شین و گریان و لە لایەکی تر بێ کەسی و تەنها ئێمە ئافرەتان و منداڵەکان مابووین.

دواتر دایکە(عایشە حوسێن) گوتی:

لە 31/7/1983 هەموو پیاوە بارزانییەکان و هاوسەرم عومەر عومەر خەڵانەیی لەگەڵ ئامۆزا و کەسوکاری کە دەچوونە سەر ئیش هەموویان بە شێوەیەکی نامرۆڤانە کرد، دوای ئەوان کەس نەبوو نەمادەزانی چ بکەین لە لایەك شین و گریان و لە لایەك بژێوی ژیانی منداڵەکانمان ببونە باربێکی گران بەسەرمانەوە، ، کەس نەبوو ئیش و کارمان بۆ بکات و چ ژیانمان نەبوو، کاری ئێمە ببووە گریان و هەژار ماینەوە و چەند ماڵێك لە یەك خانوودا کۆدەبوونەوە تا بەیانی و تەنها بە ئێمەیان دەگوت کە پیاوەکانتان دەبەنە کەرکووك کۆبوونەوەیەکیان پێ دەکەن.

دواتر لێبان پرسی لە بارەی ئەو ژیانە قورسەی خێزانەکانیان کە دوای ئەنفالکردنی پیاوەکانیان ، لەمبارییەوە هەردووکیان خاتوو (مەگروم) و خاتوو(عایشە)گوتیان:

کەس نەیدەزانی چ بەسەر پیاوەکانمان هاتووە، چۆن بۆتان باسی ئەو ڕۆژە ناخۆش بکەین، ئێمەی ئافرەتەکان لە گەڵ منداڵەکان مابووینەوە، ژیانمان هەموو شین و گریان بوو ، لەم ئۆردوگایە نەماندەزانی چ بکەین،

، جا کەس نەبوو ئیش و کارمان بۆ ئێمە بکات و هیچ ژیانمان نەبوو بۆ ئەوەی بژین ، هەتاحکومەتی ڕژێمی بەعسی و ئەرزاق و ئاو و کارەبایان لە ئێمە بڕی، هەتا منداڵەکانی ئێمە کە ئاویان دەهینا لە سەر کانیەکان ڕژێمی داگیر کەر ئاویان لی دەڕژاند، قوتابخانە و نەخۆشخانەیان وێران کرد، بۆ بژیوی ژیان کارمان دەکرد و شەو و ڕۆژ دەگریاین و ئێمەی ئافرەتان بۆ بژیوی پیداویستیەکانی ژیان دەچوینە ئیش هەرچی هەبوایە دەمان کرد وەکو ئیشی تەماتە و پیازچاندن و و هەموو جۆر ئیشی و هەتا زۆربەی ئافرەتاتان زۆر ئیشی زەحمەت وەکو ئیشی پیاوانیان وەکو چیمەنتۆ کیشانەوە و کرێکاریمان دەکرد بە حەقیقەت زۆر ناخۆشیمان دیت وە خاوەن منداڵ بووین، هەتا یەکێك لە ئێمە کە بمردایە، پیاوێك نەبوو بیباتە قەبرستان و هەر ئێمە ناچار دەچووین و مردوی خۆمان دەشاردەوە بۆیە هەڵسوکەوتی ڕژێمی زۆر ناخۆش و بێ وێژدان بوو رژێمی بەعس کونترۆڵی کۆمەڵگاکان و قەدەغە کردنی هاتوچۆو بۆ دەرەوە ناوەی کۆمەڵگە کەکان بەهەموو شێوەیەك و ترس و دەروونی دەهاوتە ناو ئەو کۆمەڵگایە کە زۆر ناخۆش بوو.

لە دریژەی بەسەرهاتەکانیان دایکە(مەگروم سەعید) گوتی: من و دایکە(عایشە) زۆر بە ناخۆشی و دەردەسەری منداڵەکانمان بە خێو دەکرد و هەموجار لەکاتی چوونمان بۆ سەر ئێش بۆ ئەوان گەورە بکەین، هەروەها منداڵیکشم لە ناو زەگ دابوو بەڵام هەردەچوومە سەر کار بۆ بژیوی منداڵەکانم و بەشەویش پاسەوانی منداڵەکانمان بووین، هەروەها من کوڕەکی پاش باوکم هەیە کە دوای 8مانگ و 15 ڕۆژ دوای ئەنفالکردنی باوکی پەیدا بوو وە ناوەم لینا فەرسەت، هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوانمان دەکرد کە بگەڕێنەوە کە وا دەرنەچوو کە هەموویان ئەنفال کران.

دایکە (عایشە)و دایکە (مەگروم)ئەو ئافرەتانەی دوای ئەنفالکردنی هاوسەرە بارزانییەکان زۆر سەختیان کێشا وە لە بارەی چاکەی خەڵکی هەولێریان گووت کە نابێ خەڵکانێك کە زۆر هاوکارمان بوو لە کاتی نەخۆشی لە یادیان بکەین، دەڵێن:

بە حەقیقەت زۆر ناخۆشیمان دیت و جێگای خۆیە کە ئێمە قەد نابی چاکەی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری کە زۆر هاوکاری ئێمەیان دەکرد و لە هەموو ڕوویەکەوە کە مرۆڤ دوست و دڵسۆز بوون زۆربەیان بە نهێنی خۆیان توشی مەترسی کرد بوو بۆ ئێمە یان سەڵماند سوپاسیان دەکەین، چونکە دوایی ئەنفالکردنی پیاوەکانمان ئێمە ئافرەتان زۆر ڕەزالەت و زەحمەتی و ناخۆشی و دوژواریمان و هەژاریمان کیشا، ئەوانە جێگای ستایش و ڕێزن ، نابی ئەو مرۆڤ باشانە قەد لە یاد بکرێت کە خزمەتی ئێمەیان لەو زروفە نەخۆشە کردووە. و سوپاس بۆ خودا سەدام حوسێن و داروودستەکەی هەموویان بە سزای خۆیان گەیشتن.

لە کۆتاییدا دا بۆ ساڵیادی کارەساتی8000 هەزار ئەنفالکراوی بارزانییەکان و ئەنفالکراوەکانی تری کوردستان دا هەردووکیان گوتیان:

تەمەن درێژی بۆ بەرێز جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و هەروها بەرێز نیچیرڤان بارزانی دەخوازین و بۆ هینانەوەی تەرمی ئەو بارزانیە بێ سەرو شوێنەکان و تەرمی ئەنفالکراوانی ناوچەکانی تری کوردستان زۆر سوپاسیان دەکەین. زۆر خوشحاڵین سەدام حوسێنی دڕندە ئەو دیکتاتۆرە کە زۆر زوڵمی دەرهەقی گەلی کوردستان کردبوو لەگەڵ داروودستەکەی بە سزای خۆیان گەیشتن.داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم هاوکاری تەواوی خانەوادەی ئەنفالکراوەکان بکەن. ئەوەی ئەمڕۆش ئێمە دەیبینین لە سایەی خەبات و ماندووبوونی ڕابەری کورد بارزانیی نەمرو گشت پێشمەرگەی کوردستان و خوێنی شەهیدان و هەموو ئەنفالکراوەکانی کوردستان بە دەست هاتوەو، داوامان ئەوەیە هەموو کات یەك بین و بە تەبایی بژین. ئەم یادانە بەردەوامی یاد بکەنەوە کە سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و ڕۆژنامەی خەباتان دەکەم کە ئێمە خانەوادەی ئەنفالکراوەکان و شەهیدان بە سەر دەکەنەوە.

سەرۆك بارزانی:


سوپاسی شێرەژنانی بارزانی دەکەم کە کەسوکاریان ئەنفال کران و ساڵانی زۆر و ماوەیەکی درێژ بۆ منداڵەکانیان هەم باوك بوونە و هەم دایك. تەحەمولی لەدەستدانی ئازیزان و ئازار و سەختییەکانیان کردووە و سەربەرزانە ڕۆڵەکانیان لەسەر کوردایەتی و ڕێبازی ڕاست پێگەیاندووە.

هەروەها سوپاسی خەڵکی ئازیز و خۆشەویستی دەشتی هەولێر و هەریر و سۆران بکەم کە لە ڕۆژە تاریك و ناخۆشەکاندا کوردانە و مەردانە هاوسۆزی بارزانییەکان بوونە و یارمەتییان داون و ئازاری بارزانییەکانیان بە ئازاری خۆیان زانیوە.



کەسوکاری ئەنفاڵە بارزانیەکان:

«ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێن لە بەرەبەیان ڕۆژی 31/7/1983 کە هێشتا نوێژی بەیانی نەببوو، سوپای دڕندانە بە جورەها چەك و هەلیکۆپترو هێزی عەسکەری و تانك لە ئۆردوگای بەحرکە و قوشتەپە لە هەولێر و ل هەریر و سۆران دەورەی ئێمەیاندا و پیاوانی ئێمە کە دەچوونە سەر ئیش لە سەر ڕێگا هەموویان گرتن».



خاك و نەوت و كەركووك... ئاریشە نەبڕاوەكەی گەلی كورد

گورزە كەمەرشكێنەكانی پێشمەرگە لە ئابووریی رژێم لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا

كۆمپانیا و كێڵگە نەوتییەكان بە نموونە



زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بەشی (3) و كۆتایی

لێرەدا باس لە چەند بەرنامەڕێژییەكی تۆكمەی سەركردایەتیی شۆڕش لە داستانە مەزنەكانی پێشمەرگە و زیان پێگەیاندنی بە كۆمپانیا نەوتییەكانی رژێم و شكستپێهێنان بە سیاسەتی ئاسایش و ئابووریی عێراق، هەروەها شكستپێهێنان بە سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەكانی كوردستان، لەلایەن پێشمەرگەكانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەكەین، كە لەو ساتەوەختەدا دەنگدانەوەیەكی میدیایی جیهانیی هەبووە و كێشەی كوردی بردووەتە قۆناغێكی نوێوە.

لێدانی بیرە نەوتییەكانی (كەركووك- بابەگورگور)

ئەركی سەركردایەتیكردنی ئەم كردەوەیە بە محەمەد مەحمود عەبدورەحمان (سامی) سپێردرا و هەریەكە لە (فاخیر مێرگەسۆری و فارس باوە و حەمەسوور حوسێن و عیزەدین قەرە محەمەد و عەریف دەروێش و كادیری حزبایەتی قادر جەباری)یش هاوكاربوون.

لە لێدانی بیرە نەوتییەكانی (كەركووك بابەگورگور)، رۆژی گرنگی شەهید (سامی عەبدولڕەحمان)، رۆژێكی گرنگ بوو.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگەكان هەمیشە بە گیانێكی لەخۆبردووانە و هەستێكی بەرزی نەتەوەییانەوە تێكۆشاون و خەباتیان كردووە، هەمیشە گیان و ژیانیان لا هەرزان بووە و هەموو كاتێك ئامادە بوون گیانیان لە پێناوی نەتەوەكەیاندا بەبەخشن، بۆ مەترسیدارترین شوێن و جێگەی دوژمن و دەستوەشاندن لە دوژمن ئامادە بوون و لەخۆبردووانە كێبڕكێییان بووە، ئەوتانێ سەرۆك مەسعود بارزانی لە درێژەی باسەكەیدا، كە تایبەتە بە لێدانی بیرە نەوتییەكانی كەركووكدا باسی رۆڵی تێكۆشەرانی شۆڕی ئەیلوول دەكات لە داستان و چالاكییەكی كەموێنەدا بە سەرپەرشتیی شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) و چەند فەرماندە و پێشمەرگەیەكی قارەمان دەكات.

لە لاپەڕە 258ی پەرتووكی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم- شۆڕشی ئەیلوولدا، سەرۆك بارزانی دەنووسێت: "ماوەیەك بوو سەركردایەتیی شۆڕش لەبەر هەندێ هۆی دیار و ناشكرا بیری لە لێدانی دامەزراوەكانی نەوت دەكردەوە، سامانی نەوت گەلێ لا سوودیان لێ وەردەگرت، تەنیا كورد نەبێ، ماكینەی شەڕ لە دژی گەلی كورد بە پارەی ئەم نەوتە دەخرایە گەڕ و بەشی كورد لە نەوتەكەی تەنیا ئەو بۆمبایانە بوو، كە دەیانماڵی پیایدا، پێشتر، پتر لە جارێك لە لوولەكانی نەوت گواستنەوە درابوو، بەڵام نە حكوومەتی عێراق و نە كۆمپانیای نەوت BP بەوە ناڕەحەت نەدەبوون و دڵەكوتەیان پێ نەدەكەوت.

سەركردایەتیی شۆڕشیش بڕیاری لێدانی مەڵبەندی كۆمپانیای نەوتی نەدا، دوای ئەوە نەبێ، كە لەوتەكە ئامادە دەبێ بۆ پاڵدان. تۆپی هاوەنی 120 و تۆپی بێ گەڕانەوەی (عدیمە الارتداد) 106 دەستنیشان كران بۆ لێدانی كۆمپانیا، بەڵام زیاتر پشت بە تۆپی 106 بەسترا، چونكە گوللە تۆپەكانی سووتێنەرن و دەشسمن. كۆمەڵێك لە لاوە سەربازە نەناسراوەكانی هێزی پێشمەرگەی هەڵگورد چوونە خولێكی تایبەتیی ئەو چەكانەوە، كە بۆ ئەو كارە تەرخان كرابوون، بەر لە دەستكردن بە جێبەجێكردنی كارەكە، ڕوومالێكی مەیدانی لەسەر زەویدا كرا، سامی و فاخیر لە گەڵاڵەوە ڕۆیشتن و لە دەشتی هەولێریش فارس باوەی فەرماندەری هێزی دەشتی هەولێر و حەمەسوور حوسێنی فەرماندەری (بەتالیۆنی شوان)ی دراوسێی دامەزراوەكانی نەوت چوونە پاڵیان، لەوەش نائومێد بوو بتوانێ لەگەڵ حكوومەتدا بگاتە لێكتێگەیشتن، ئەوكاتە دەست كرا بە مەشقكردن بە نیازی جێبەجێكردنی نەخشەی لێدانەكە، **ئەركی سەركردایەتیكردنی ئەم كردەوەیە بە محەمەد مەحمود عەبدورەحمان (سامی) سپێردرا، (فاخیر مێرگەسۆری و فارس باوە و حەمەسوور حوسێن و عیزەدین قەرە محەمەد و عەریف دەروێش و كادیری حزبایەتی قادر جەباری)**یش یارمەتیی بدەن.

دوای لێكۆڵینەوەیەكی بەربڵاو، نەخشەیەكی تەواو دانراو و دەركەوت، كە دەبێ نیشانەی سەرەكیی كارگەكە شوێنی تەركیز بێ، كە نەوت لە هەموو چاڵە نەوتەكانەوە كۆ دەكرێتەوە، دوای تێپەڕینی بە وێستگەكانی گاز لێ جوێكردنەوە، ئەم كارگەیە هەمیشە كار دەكات، ئەمە سەرەڕای كۆمەڵگەی بەربڵاو و هەراوی كۆگەكانی نەوت، كە دراوسێیی كارگەی تەركیزە و لەوێوە نەوتەكە ئامادە دەبێ بۆ پاڵدان. تۆپی هاوەنی 120 و تۆپی بێ گەڕانەوەی (عدیمە الارتداد) 106 دەستنیشان كران بۆ لێدانی كۆمپانیا، بەڵام زیاتر پشت بە تۆپی 106 بەسترا، چونكە گوللە تۆپەكانی سووتێنەرن و دەشسمن. كۆمەڵێك لە لاوە سەربازە نەناسراوەكانی هێزی پێشمەرگەی هەڵگورد چوونە خولێكی تایبەتیی ئەو چەكانەوە، كە بۆ ئەو كارە تەرخان كرابوون، بەر لە دەستكردن بە جێبەجێكردنی كارەكە، ڕوومالێكی مەیدانی لەسەر زەویدا كرا، سامی و فاخیر لە گەڵاڵەوە ڕۆیشتن و لە دەشتی هەولێریش فارس باوەی فەرماندەری هێزی دەشتی هەولێر و حەمەسوور حوسێنی فەرماندەری (بەتالیۆنی شوان)ی دراوسێیی دامەزراوەكانی نەوت چوونە پاڵیان، دوای لێكۆڵینەوەیەكی بەربڵاو، نەخشەیەكی تەواو دانراو و دەركەوت، كە دەبێ نیشانەی سەرەكیی كارگەكە شوێنی تەركیز بێ، كە نەوت لە هەموو چاڵە نەوتەكانەوە كۆ دەكرێتەوە، دوای تێپەڕینی بە وێستگەكانی گاز لێ جوێكردنەوە، ئەم كارگەیە هەمیشە كار دەكات، ئەمە سەرەڕای كۆمەڵگەی بەربڵاو و هەراوی كۆگەكانی نەوت، كە دراوسێیی كارگەی تەركیزە و لەوێوە نەوتەكە ئامادە دەبێ بۆ پاڵدان. تۆپی هاوەنی 120 و تۆپی بێ گەڕانەوەی (عدیمە الارتداد) 106 دەستنیشان كران بۆ لێدانی كۆمپانیا، بەڵام زیاتر پشت بە تۆپی 106 بەسترا، چونكە گوللە تۆپەكانی سووتێنەرن و دەشسمن. كۆمەڵێك لە لاوە سەربازە نەناسراوەكانی هێزی پێشمەرگەی هەڵگورد چوونە خولێكی تایبەتیی ئەو چەكانەوە، كە بۆ ئەو كارە تەرخان كرابوون، بەر لە دەستكردن بە جێبەجێكردنی كارەكە، ڕوومالێكی مەیدانی لەسەر زەویدا كرا، سامی و فاخیر لە گەڵاڵەوە ڕۆیشتن و لە دەشتی هەولێریش فارس باوەی فەرماندەری هێزی دەشتی هەولێر و حەمەسوور حوسێنی فەرماندەری (بەتالیۆنی شوان)ی دراوسێیی دامەزراوەكانی نەوت چوونە پاڵیان،




شەهید سامی عەبدولڕەحمان و حەمەسور حوسێن

(سامی عەبدولڕەحمان) فەرماندەی داستانەكە لە بروسكەیەك دا بۆ بارزانی دەڵێت:

ئەو كڵپە ئاگرە هەمیشەییەمان دامركاندەوە، كە هێمایە بۆ بەتاڵانبردنی سامانی گەلی كوردستان و، بەكاربردنی بۆ كوشتاری ڕۆڵەكانمان.




شۆڕشی ئەیلوول / بوردومان كردنی دوژمن
لەئەرشیفی كاروان محەمەد سینو



شۆڕشی ئەیلوول / گواستنەوەی چەك و جبەخانە
لە ئەرشیفی كاروان محەمەد سینو

تایبەتیی خۆی، هەواڵێكی بڵاو كردەوە، كەوا گوایە هێزەكانی شۆڕش بەدەستیانەوەیە كردەوەگەلێكی بەربڵاو لە دەشتی هەولێردا بكەن، مەبەست لەمە ئەوەبوو، سەرنجی حكوومەت بۆ ئەو بەرەیە ڕاكێشرێ و زۆرترین یەكەی سوپای حكوومەت لە ناوچەی هەولێردا كۆبكرێتەوە، بۆ نموونە فەوجێك لە ڕێدار هەبوو سەرچاوەیەكی سەرەكیی دڵەكوتە بوو بۆ پێشمەرگە و دەیتوانی كردەوەكە بە هیچ دەركا، بەم (واتە واتە) ئەو فەوجە گۆڕابوایە بۆ دەشتی هەولێر و بەم جۆرە ڕێگەی هێرشەكە ترسی لەسەر نەما، شەوی 2-1ی ئاداری 1969 هێزەكانی پێشمەرگە گەیشتنە ئەو جێیانەی بۆیان لە نەخشەكەدا دەستنیشان كرابوون، كارەكان بە وردی و ڕێكوپێكی كران و بەشی زۆریان كاری هەواڵزانییەكە لە ئاخری كانوونی دووەمی 1969دا بە سەركەوتوویی تەواو بوو، پازدەی شوباتی 1969 دواییین قۆناغی مەشقكردن بوو، باری زیاتر لە 100 هێستر تۆپ و جبەخانەی جۆربەجۆر بە ڕێگەی شاخاویی سەختدا گوێزرایەوە بۆ دەشتی هەولێر، دەزگای (ئیستیخبارات) پاراستن بەفەرمكردنی زانیاریی ورد لەبارەی دابەشبوونی یەكەكانی سوپا و جۆری ئەو پارێزگارییە، كە حكوومەت بۆ كۆمپانیای نەوتی ڕەخساندووە، لەگەڵ پێداگەرانێكی ورد و نەخشەی چاك كێشراوی شوێنەكانی ئەو دامەزراوانە، یارمەتیی دایەن، لەگەڵ تەواوكردنی خۆئامادەكردندا بۆ دەستپێكردنی كردەوەكە لە 25ی شوباتی 1969دا و بۆ داپۆشین و شاردنەوەی دەزگای ئیستیخباراتی شۆڕش، بەشێوەی ئێمە نەبوو، چی ڕێی لێ گرتن شتێ بكەن؟ لە وەڵامدا گوتیان وەڵاڵا ترسی ئەوەمان هەبوو دژە باڵەفڕیشتان هەبێ، پێوەندیان بە كۆمپانیای نەوتی بەریتانیشەوە BPكرد بۆ ئەوەی پێیان بڵێین، ئەوە تەنیا ئاگەدارکردنەوەیەك بوو لەو كردەوەگەلە بەربڵاوانەی لەوانەیە لە داوڕژێشدا بەدوای ئەمەدا بێن، ئەم نەوتە كە هیچ ڕۆڵەكانی نەتەوەی ئێمەیە، ئێستە بۆ گیانكێشانمان و دەربەدەركردنی خۆمان و ژن و منداڵمان و فەوتاندنی ماڵ و زەویوزارمان بەكار دەهێنرێ، خاوەن ماڵ لە ماڵی خۆی بێ بەشە، لەسەر ئێوەش پێویستە بەڕاستی بیر لەوە بكەنەوە، كە مافی خۆمانمان لە دەرامەتی نەوت بگەیەنن دەست. ناوەندی كۆمپانیای نەوت لە لەندەن ڕۆژنامەنووسی ناسراو (لۆرد كێلبراكنی) ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردەكانی بەریتانیای لەگەڵ پیاوێكی تر، كە دەیگوت ناوم (پلاك بێرنە) نارد بۆ ئەوەی گفتوگۆیەك لەگەڵ شۆڕشدا بكەن و نەخشە و بەرنامەیەكی پێوەندی بۆ پاشەڕۆژ دانێین، كۆمپانیا ئاماژەیەكیشی بۆ ئەوە كرد، كە لەوانەیە پشتگیرییەكی مایەكی پێشكێشی شۆڕش بكات بۆ دابینكردنی ئەوەی، كە لەمەولا ئەو جۆرە كردەوەگەلە دووبارە نەكرێتەوە، بەڵام پاشان پەنای بردەوە بەر فرۆفێڵ و شێوەكاری پێچڵپێچ و مەسەلەكە هیچی لێ نەوەشایەوە، كاردانەوەی حكوومەت ئەوەندە بوو سەنگەربەندییەكی زۆر لە ڕادەبەدەری بەدەوری دامەزراوەكانی كۆمپانیادا كرد و بە تانك گەمارۆی دان و هێزێكی پیادەی زۆری هێنا بۆ پارێزگاریكردنی، كردەوەگەلی بابە گورگور نامەیەكی زۆر ڕەوان بوو بۆ هەموو لایەنەكان".



محەمەد خالید بۆسەڵی

سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەو داستانە (سامی عەبدولڕەحمان) لە دیدارێکی ڕۆژنامەی (ڕایەتی)دا دەڵێت: "ئەم (داستانە) كارێكی مێژوویییە، گەلێ ئەنجامی چاكی سیاسی و دارایی بۆ شۆڕش هەبوو، زۆریش دەنگی دایەوە. دوابەدوای چالاكییەكە دەسبەجێ بروسكەیەكم بۆ جەنابی (بارزانی) لێدا و گوتم: ((ئەو كڵپە ئاگرە هەمیشەییەمان دامركاندەوە، كە هێمایە بۆ بەتاڵانبردنی سامانی گەلی كوردستان و، بەكاربردنی بۆ كوشتاری ڕۆڵەكانمان))..

تا ماوەیەكی زۆر ئەو بروسكەیە لەلای سەرۆك (بارزانی)دا مابوو، بە سەربەرزییەوە پیشانی ئەم و ئەوی دەدا...

هەوڵێك بۆ تەقاندنەوەی بۆڕیی نەوت لەنزیک (ئالبوكەمال):

لە هەوڵێكدا بۆ تەقاندنەوەی بۆڕیی نەوت لەنزیك (ئالبوكەمال)، ڕۆڵی (محەمەد خالید بۆسەڵی) دیار و بەرچاو بوو ئەگەر لە ڕۆژگارەكانی شۆڕش ورد بینەوە، ئەوا دەبینین دڵسۆزی و پەرۆشی و كوردپەروەریی شۆڕش و پێشمەرگە قارەمانەكانی تا ئەندازەیەكی هێجگار زۆر بووە، تا دواساتی ڕۆژی نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول، پێشمەرگەكان لەژێر سەركردایەتیی (بارزانیی نەمر) بەردەوام بوون لە تێكۆشان و خەباتكردن و نواندنی چالاكیی قارەمانانە لە دژی ڕژێمی عێراق، ئەوەتانێ پێشمەرگەی قارەمانی هەردوو شۆڕش (محەمەد خالید بۆسەڵی)، لە دیدارێكیدا لە گۆڤاری (گوڵان) ژمارە (44)دا، كە پاشان كرایە كتێب بەناوی (مێژووی شۆڕشی گوڵان) لە نووسین و ئامادەكردنی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (ئەسعەد عەدۆ)دا و لە لاپەڕە 80 لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە 28ی شوباتی 1975 (عیسا سوار) ئامر هێزی زاخۆ بە بروسكە ئاگاداری كردمەوە، ئەوكات سەرپەلی هەندەسە بووم، بگەمە بارەگای هێز، لەبەر ئەوەی حكوومەتی عێراق گوندە كوردەكانی ئەمدیو و ئەودیوی سنووری ئاو لەنێوان سووریا و عێراق ڕاگواستبوو، لە شوێنی ئەوان هۆزی عەرەبی نیشتەجێ كردبوو، بۆ ئێمە زۆر ئەستەم بوو بتوانین چالاكیی عەسكەری بەوێدا بكەین، بۆیە بڕیاردرا لە سنوور بپەڕینەوە دیوی سووریا و لەوێشەوە بۆ ناو خاكی عێراق بۆ ئەنجامدانی ئەم كارانە (تەقاندنەوەی شەمەندەفەری بارهەڵگر، تەقاندنەوەی ڕێگەی ئاسنی شەمەندەفەر، تەقاندنەوەی بۆڕیی نەوت لەنزیك ئالبو كەمال)، ئەمەیان لە بەری عێراق. بۆ جێبەجێكردنی ئەو ئەركە كەلوپەلی پێویست بۆ تەقاندنەوە ئامادە دەكەن و حەوت پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی وەك: (محەمەد خالید بۆسەڵی و ئەحمەد ڕەمۆ و عەلی ئیسۆ نەعمۆ و سایل سووری و ڕەشید مەلا عەبدوڵڵا و محەمەد سەعید) بەرەو باكووری كوردستان بەڕێ دەكەون، لەدوای دەربڕینی زۆر و چەند ڕۆژ ڕێبشتن بە شەو و بە ڕۆژ و مانەوە لە گوندەكانی سەرەڕێگایان دەپەڕنەوە بۆ دیوی سووریا، لەدوای ماوەیەك نەخشەكەیان بۆ هێنایین و گەڕاینەوە بۆ قامشلۆ بۆ ئەنجامدانی چالاكی و كارەكان، بەڵام لەناكاودا پێیان ڕاگەیاندین، كە نسكۆ بەسەر شۆڕشدا هاتووە و ئێمەش كارەكانی خۆمان ڕاگرت و كارەكانمان ئەنجام نەدا!.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٣٥٨١٤ بەرواری ٢٠٢٠/٣/٤ بەبڕی ٥٠٠,٠٠٠ دینار بەناوی شاسوار ابراهیم احمد ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة بداءة العمادية

العدد/١٤٠/ب/٢٠٠٦

التاريخ/٢٠٢٠/٧/١٢

إعلان

عطفا على الحكم الصادر من محكمة بالعدد (١٤٠/ب/٢٠٠٦) والمتضمن إزالة شيوع العقار المرقم(٥٥٧) والموصوف أدناه تعلن هذه المحكمة عن بيع العقار بالمزايدة العلنية لمدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالي للنشر فعلى الراغبين بالشراء مراجعة محكمة بداءة العمادية في تمام الساعة الثانية عشر ظهرا مستصحبين معهم التأمينات القانونية البالغه (١٠٪) من القيمة المقدرة للعقار والبالغة(٩٧٦,٤٥١,٠٠٠) تسعمائة وستة وسبعون مليونا واربعمائة وواحد واربعون الف دينارا إن لم يكونوا من الشركاء وعند انتهاء المدة المذكورة ستجرى الإحالة القطعية وفقا للقانون مع العلم إن الدفع نقدا والدلالية على المشتري وإذا صادف يوم المزايدة عطلة رسمية فيكون اليوم الذي يليه موعدا لاجراء المزايدة أصوليا

اوصاف العقار :- رقم المرقم (٥٥٧) تقع في روبال العمادية /مصيف سولاف قريبة من الشارع الرئيسي المؤدي الى محافظة دهوك مساحتها (٣٤١٩) متر مربع , جنسها بستان تسقى سيحا , نوعها مملوكة للدولة , وتشتمل على غرفة صغيرة مبنية بالبلوك والاسمنت وكبرات صيفية

القاضي / طارق رمضان صالح

***

الى / اعضاء الشركة (دأف) ل بازرگانيا گشتي وئامێر وپێداويستي پزيشكي هێنان وبردن / سنوردار م/ تبليغ بالحضور

نظرا لمرور فترة طويلة على عدم عقد اجتماع بخصوص كيفية ادارة امور الشركة وللضرورة على اجراء الاجتماع لغرض تصفية شركة (دأف) يا (بازرگانيا گشتي وئامێر وپێداويستي پزيشكي هێنان وبردن / سنوردار) ولعدم ممارسة الشركة نشاطها منذ تاسيسها لهذا تقرر تعين يوم (الخميس) الساعة العاشرة صباحا والمؤرخ في ٢٠٢٠/٨/٢٠ موعدا لعقد الاجتماع في مقر الشركة الكائن في دهوك / بروشكي واتخاذ القرار بتصفية الشركة

المدير المفوض / هاني شكري محمد علي

***

دادگای باری کەسێتی کەلار

ژمارە: ٤٥/ ش / ٢٠٢٠

ئاگاداری

بۆ داوالەسەرکراو: زێنب ایاد امین

داواکار (جبار اسماعیل عبدالله) داوای ژمارە (٤٥/ ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تایبەتا داوای (پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی) لەبەرواری (٢٠٢٠/٧/١٥) دەکات لەبەرئەوەی لە نێستادا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری ئەنجومەنی کەلار / گەرەکی ئازادی بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکرنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٨/١٩) کاتژمێر (٩:٠٠) بەیانی بۆیە پێویستە لە رۆژی دیاریکراو ئامادەبیت یان بریکارێک لە جێگات ئامادەبێت بە پێچەوانەوە ئەوا دادبینی بە شێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ پروین علی احمد

***

دادگای باری کەسی لەخەبات

ژمارە: ١٢٩/ش/٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٧

جارِدان

بۆ داوالێکراو: هۆزان عزیز محمد

ئاماژە بەداواى ژمارە (١٢٩/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (رێناس طارق احمد) دادگا لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٠ بڕیاریدا بە (اثبات زواج) لەنێوان تۆ هاوسەرەکەت بە ناوی (رێناس طارق احمد) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاردا بە پێراگەیاندنت بەدوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی، بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوەو ناڕەزایيت هەیە لەماوەی (١٠) دە رۆژا لەپێراگەیاندنت بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگری بەپێی یاسا.

دادوەر/ سعود سعید صدیق

***

ئاگادارکردنەوە

مالپەڕی ئەلیکترۆنی بەناوی (گۆڤاری ڤیدیۆیی بینەر) کە خاوەن ئیتمیازی (هشیار زێرۆ ئەحمەد و پەرویز مستەفا چیچۆ) سەرنووسەرەکەی (پەرویز مستەفا چیچۆ) بارەگای سەرەکی لە شاری (هەولێر) بەزمانی (کوردی) بەشێوەیەکی رۆژانە دەردەچێت. هەرکەسێک تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنە (٠٧٥٠٤٤٨١٤٢٩) بکات.

***

مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات

العدد/ ٤٤٨٦

تاريخ/ ٢٠٢٠/٧/١٥

اعلان

قدمت المواطنة (نادرين ناصح اسماعيل) دعوى في هذه مديرية لتبديل الاسم من (نادرين) الى (ناردين) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه مديرية خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره في الجريدة و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية في المدعوى وفق احكام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنة ٢٠١٦.

ع/ اللواء: رياض جندي عبدالكاظم

مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة/وكالة

***

مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات

العدد/ ٤٧٥٦

تاريخ/ ٢٠٢٠/٧/٢٨

اعلان

قدمت المواطنة (احمد رشيد احمد) طلب في هذه مديرية لتبديل الاسم من (گاشه) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه مديرية خلال عشر يوما من تاريخ نشره في جريدة رسمية و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية في المدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنة ٢٠١٦.

ع/ اللواء: رياض جندي عبدالكاظم

مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامة/وكالة

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٢٨٣

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٦

ئاگاداری

بۆ/ خانم خاتون عثمان

لەبەر نەزانینی و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (سرود مصطفى سليمان) کە بڕی (٢٠,٤٥٧,٥٠٠) دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢١٩/٣٤٠٣

رێکەوت/٢٠٢٠/٧/٢٦

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٥/٤١٨٠ کە کەوتوتە کەرتی ٩٣ حصاروك دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار علی دلشاد اکرم کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی ود خالد محمد بەبڕی/ ٨٨,٨٠٠,٠٠٠ دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه

ئاکارەکان:

١- شوێن و ژمارەی/ ٥/٤١٨٠ ك ٩٣ حصاروك

٢- رەگەز و جۆری/ هەرووك لە نەخشەکەدا هاتووە

٣- سنووردار وئاگاداری

٤- پێکهاتەی/ لە دوو حانو پێکدێت لە یەك ژوور، حەمام، مرافق، مطبخ لەخوارەوە دوو ژوور حەمام، مرافق، لە کۆنکرێت دروست کراوە.

٥- رووبەرەکەی/ ٢٥٠م٢

٦- پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ کڕێچی داوای مانەوەی نە کرد.

٨- نرخی قرساو/ ٩٠,٠٠٠,٠٠٠ نەوەد ملیۆن دینار.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهوك

ژمارە/ ٢٣٠/ش/٢٠٢٠

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٧

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکەراو/ سعدی خالد سعدی/

جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە

داواکار کفي سعدی خالد داخازێ تێدا دکەت ب سەلماندنا رەچەلەك (اثبات نسب) یا خو (کفي ل ١٩٩٨/٧/٤ ژ دیکا خو یا داوالێکراوا دووی زینب جمیل علی وتە دکەت. ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە ل دویف ئاگادارییا هەلبژیر و دەستەکا هەلبژێر ل پارێزگەها دهوکی- تاخی ماسیکا ١ ئاگەهداریا تەبێتە کرن ل دوو رۆژنامەیین روژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمێر ١٠ سپیدەهیا روژا ٢٠٢٠/٩/٧ و ل بەروڤاژی ڤێ چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتەکرن..

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگای باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٢٣٠/ش/٢٠٢٠

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٧

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکەراو/ سعدی خالد سعدی/

جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە

داواکار کفي سعدی خالد داخازێ تێدا دکەت ب سەلماندنا رەچەلەك (اثبات نسب) یا خو (کفي ل ١٩٩٨/٧/٤ ژ دیکا خو یا داوالێکراوا دووی زینب جمیل علی وتە دکەت. ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە ل دویف ئاگادارییا هەلبژیر و دەستەکا هەلبژێر ل پارێزگەها دهوکی- تاخی ماسیکا ١ ئاگەهداریا تەبێتە کرن ل دوو رۆژنامەیین روژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمێر ١٠ سپیدەهیا روژا ٢٠٢٠/٩/٧ و ل بەروڤاژی ڤێ چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتەکرن..

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگای باریێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە/ ٥٠/ش/٢٠٢٠

رێکەوتی/ ٢٠٢٠/٧/٨

ئاگەهدارکردن ب بریارا پاشملە

ئاگەهدارکرن

بۆ داوالێکری (احمد محمد سلیمان)

ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٥ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤە کرن ژ لایێ داواکار سوزان محمد احمد بریاردا ب التفریق دناڤبەرا تە و هەڤژینا تە یا داواکار و تە مافێ نەرازیبونێ یێ هەی د ماوێ دەھ روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ و بەروگاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان.

دادوەر/ زیرفان احمد حسین

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر

ژمارە/ ٣٠٤/ج/٢٠١٧

رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٢

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (ادریس محمد صابر)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٤٤٤ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی نێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی ٢٠٢٠/٩/٧ کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/٣٢/م/٢٠٢٠

رێکەفت/٢٠٢٠/٧/٢٦

ئاگەهداری

بۆ داوالێکەراو (وارین شاکر عبدی)

جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە

داواکار (سعد مراد منت) داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی(تصديق طلاق خارجي) ئەوا رودای دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٩/١١/١٥ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها خانکێ ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیین روژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل دەمژمیر دەە ل سپیدەهیا روژا ٢٠٢٠/٨/٢٣ ول بەروژڤاژی ڤێ جهنەدی دادبینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وناشکرایێ هیتەکرن

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

فەرمانگەی دادنووسی (دارەتوو)

ئاگاداری

بەرواری: ٢٠٢٠/٧/٢٦

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن هاوڵاتی (رێپێدراوی کۆمپانیا/ علاء الدين محمد تقي نجم الدين) لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانەراوە لە (سەر رێگای کەرکوك- گوندی گردەرشە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەداواکەتوو داەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕابزیوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا داەنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / ئارام عبدالقادر عمر

ئامێرەکان:

١- هێلی تەواوی تێکەڵاوکردن و گواستنەوەی تایت ژمارە/ ٢٠٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ نرخی ئامێر ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ تێبینی و هاوپێچ/ قایشی گواستنەوەی تایت بۆ ناو ئامێر.

٢- ئامێری لێدانی ڕێکەوت: ژمارە/ CREB٨G٦١ دروستکراوی یابان مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ نرخی ئامێر ٦,٠٠٠,٠٠٠.

٣- ئامێری بەرهەم هێنانی هەوا بۆ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥ نرخی ئامێر ٢,٤٠٠,٠٠٠.

٤- ئامێری لێدانی تیپ و داخستنی کارتۆنی تایت ژمارە/ L٩٣٠٩٠٢ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ نرخی ئامێر ٣,٠٠٠,٠٠٠.

٥- ئامێری میکسەری تێکەڵاوکردنی تایت بۆ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠ نرخی ئامێر ٢,٥٠٠,٠٠٠ تێبینی و هاوپێچ/ قایشی گواستنەوەی تایت بۆ ناو ئامێر.

٦- ئامێری لەکارتۆن کردنی تایت ١ کیلۆی بۆ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠. نرخی ئامێر ٢٠,٠٠٠,٠٠٠

٧- ئامێری خەزنکردن و تصفیەی ئاو بۆ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤. نرخی ئامێر ٣,٥٠٠,٠٠٠

٨- دووانە ئامێری میکسەری تێکەڵاوکردن بۆ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠. نرخی ئامێر ٨,٠٠٠,٠٠٠

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالی هەولێر

سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٦٦

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٦

ئاگاداری

سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی راستکردنەوەی ناو:- لەسەر داوای میراتگرانی خاوەن مافی رەفتار (جمال محمد صالح) کە لەداواکاریەکەی داهاتووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١ داوا دەکات راستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (حاج ملا عبدالله ملا صالح ملا ابراهيم) بۆ (محمد صالح عبدالله صالح) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٧٠) (٧٢) (٧٦) (٨٦) کەرتی ٢٠/زیارت, کە لەسااڵنی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکەن لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٢) کارەکەمان ئەنجام دەدەین بەمەبەستی راستکردنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەوییانەی سەرەوە.

سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

***

ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێڤانییا ل پاریزگەها دهۆکێ

سەروکاتیا شارەوانیا سێمێلێ

مولك و زەڤی و زار

ژمارە/ ٤٩٥/أ٤/٣٢٥/٢٦

میژوو/ ٢٠٢٠/٧/٢٨

ئاگەهداری

لدیڤ نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێڤانیا ل پاریزگەها دهۆکێ یا ژمارە ٢٩٠٣ ل ٢٠٢٠/٧/٢٨ و نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشە دانانا ئاڤەدانێ ل دهۆکێ یا ژمارە ٧٩٠ ل ٢٠٢٠/٧/٢٨ سەبارەت نەخشێ ڕوهنکری ئەوێ هاتیە دانان بو تەرخانکرنا پروژێ کومەلگەها پەروەردێ یا تایبەت ژ لایێ وهبەرهێنەر شیلان امین وسمان ڤە بو پارچا ئەردێ ژمارە ٦٧٨٤/١ کەرتێ ١١ سێمێل و ب رویەرێ ٦٧١٠م٢ ئەڤجا ئەم ئەڤی نەخشەی رادگەهینن و هەر دەزگایەکی میری یان هەر هاووەلاتیەکی پێشنیارەك یان بەرهنگاریەك هەبیت ژ بو گهورینا ئەڤی نەخشەی یان نەرازیبوون لسەر دانانا ئەڤی نەخشی بلا داخوازیا خو پێشکێشی سەروکاتیا باژێڤانیا سێمێلێ بکەت د ماوێ یاسایی دا ٣٠ روژا کو دبیتە ماوێ یاسایی و ژ میژویا دەرکەفتنا ئەڤێ ئاگەهداریێ و پشتی بورینا ئەڤی ماوەی هیچ داخوازی ناهێنە وەرگرتن و ئەگەر چ پێشنیار یان بەرهنگاری پەیدا نەبوون ئەف نەخشە دێ هێتە پەسەند کرن بوزانین.

صباح عبدالعزیز حسو

هاریکارێ سەروکێ باژێڤانیا سێمێلێ

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٧٣٣٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (طه ابابكر اودل انتيك) بۆ بازرگانی گشتی و هاورده و هەناردەی کەرستەی بیناسازی/ تاك)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (طه ابابكر اودل انتيك) بۆ بازرگانی گشتی و هاورده و هەناردەی کەرستەی بیناسازی/ تاك) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نزار عصمت شاکر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/٢١

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (WHITE CANADIAN) بۆ خزمەتگوزاری پزیشکی و پێداویستیەکانی و بازرگانی ئامێری پزیشکی/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (WHITE CANADIAN) بۆ کۆمپانیای (ABSTRACT MEDICAL)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفى قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٧٤١٥
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بوابة طائف) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی بەرووبومی ئاژەڵی و شیری ووشك/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (بوابة طائف) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی بەرووبومی ئاژەڵی و شیری ووشك/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ریژین نعمت بهجت) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/٢٢

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (بوابة طائف) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی بەرووبومی ئاژەڵی و شیری ووشك/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – بنصلاوە)

پاکتاوکار/ ریژین نعمت بهجت

ناونیشان/ هەولێر- بنصلاوە

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٣٤٢٧٣٥

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (طه ابابكر اودل انتيك) بۆ بازرگانی گشتی و هاورده و هەناردەی کەرستەی بیناسازی/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ نزار عصمت شاکر

ناونیشان/ هەولێر- بەختیاری

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥١١١٤٩٠٩٩

کۆشکی مەجید پاشای بابان...

بەشێک لە میژووی هاتنی بابانەکان بۆ شاری کفری



خەبات : سەربەست برزۆ

میژووی میرنشینی بابان پێویست بە لێکۆڵینەوەی ورد دەکات ، بۆ ئەم بابەتە کورتەی ئێمە رەنگە کیفایەت نەبێت کە قسەی لەسەر بکەین و زیاتر مەبەستی ئێمە کۆشکی مەجید پاشای بابان و هاتنی بابانەکانە بۆ شاری کفری.

لەپاش رووخانی میرنشینی بابان قادر بەگ یاخود قادر پاشای بابان کە باوکی مەجید پاشایە لەگەڵ هەندێک لە بابانەکان رووەکەنە شاری کفری و هەر لەوکاتەدا چەندین دۆنم زەوی لەلایەن میرییەوە دەدرێتە قادر بەگ و ئیسماعیل بەگی برای ، ئەم بنەماڵەیە سەرەتا کە دەچنە کفری لە ساڵی 1750 کاروانسەرایەک و بەشێک لە بازاڕی قەیسەری دروست دەکەن کە لەلایەن دەیان وەستای دەستڕەنگینی ئێرانییەوە بەشێوازێکی جوان بیناکراوە ، لەو کاروانەسەرایەدا بازرگانی گەورە ئەنجامدراوە لەوانە بازرگانی خوری و توتن ، پێش دروستکردنی کاروانسەرایەکە و بەشێک لە قەیسەریەکە ، چەند خانوێک دروست دەکەن لە شارەکەدا کە دواتر دەبێتە گەڕەکێک و بەناوی ئیسماعیل بەگی بابانەوە ناوبانگ دەردەکات و لە ئێستادا گەڕەکی ئیسماعیل بەگ یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی کفری و هەر بەو ناوەش ماوەتەوە

مەجید پاشای بابان پێش ئەوەی بێتە کفری وەک دەڵێن: قایمقامی شارەکانی ڕەواندوز و کۆیە و شامیە بووە و لەگەڵ هاتنی بۆ شاری کفری زیاتر لە سەدەیەک پێش ئێستا لەناوجەرگەی شار و لە ڕووبەری هەزار مەتر زەوی کۆشکێکی گەورەی دروستکرد کە بیست ژووری گەورە و بچوک لە دوو نهۆمدا لەخۆی دەگرێت و بەشێوازێکی نایاب لەسەردەستی باشترین وەستا دەستڕەنگینەکانی ئێران دروستکراوە ، کۆشکەکە لە سەردەمی خۆیدا ناوبانگی دەرکردووە نەک تەنها لە کفری بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا ، لە ئێستادا ئەو کۆشکە بۆتە کەلاوە و نۆژەن نەکراوەتەوە و بەشێکی زۆری ڕووخاوە ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 فەرمانی نۆژەنکردنەوەی بۆ کۆشکی مەجید پاشای بابان دەرکردووە و بڕی 180 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکردووە بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی هێشتا ئەو فەرمانە جێبەجێ نەکراوە

لەدوای دروستکردنی کۆشکەکە مەجید پاشای بابان باخێکی گەورە لە شارەکەدا دروست دەکات کە بە باخی پاشا ناوبانگی دەرکرد و باخێکی جوان و دڵفێن بوو ، بەداخەوە ئەو باخەش لەبەر وشکەساڵی و هۆکاری تر لە مڕۆدا نەماوە.

زەوی و زاری بنەماڵەی مەجید پاشای بابان تا دەهات زیادی دەکرد لە شارەکەو چوارەوری ، گوندەکانی: کنگربان - قۆریچای - زەنگڵۆ - حلێوە - ساری گۆل - سەیدەڵان - و.....هتد ، بنەماڵەی مەجید پاشا جگە لەوانەی کە باسمانکرد چەندین دوکان و خانووییان دروستکردووە لە کاتی خۆیدا.

بنەماڵەی بابانەکانی کفری چەندین پۆستیان وەرگرتووە لە سەردەمی پاشایەتیدا لەوانە:

ــ جەمیل بەگی بابان سێ جار بۆتە نوێنەری کفری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە خولەکانی 4 - 5 - 8 ی نێوان ساڵەکانی 1933 - 1938

ــ هەروەها مەحمود جەمیل بەگی بابان لە خولەکانی 13 - 14 - 15 - 16 ی نێوان ساڵانی 1953 - 1958 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە و بە نوێنەری کفری هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجومەنەکە.

ــ هەر لە سەردەمی پاشایەتیدا مەحمود بەگی جەمیل بەگی بابان لە ساڵی 1957 - 1958 وەزیری دەوڵەت بووە لە حکومەتی عێراقدا ، هەروەها چەند مانگێک پێش شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 کە هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئوردن یەکیان گرت و وڵاتێکی یەکگرتوویان دروستکرد (ئەحمەد موختار بابان) پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە یەکگرتووەی (عێراق وئوردن) ی پێ سپێردراوە.







ئەو ماسییە بەبەردبووەی 70 ساڵ پێش ئێستا دۆزراوەتەوە تەمەنی 70 ملیۆن ساڵە

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی زانست، تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگا سەربە زانکۆی لا ماتانزا، شوێنەوارناسە ئەرجەنتییەکان لێکۆڵینەوەیان لە ماسییەکی بەبەردبوو کردووە کە دڕێژییەکەی زیاتر لە شەش مەترە و ٧٠ ساڵ لەمەوبەر لە ویلایەتی چوبوت سەربە هەرێمی پاتاگۆنیا باشووری ئەرجەنتین دۆزراوەتەوە. لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکەدا کە لە تاقیگەی تۆیکاری مۆزەخانەی پالیۆنتۆلۆجی ئەرجەنتین ئەنجامدراوە، لێکۆڵەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مێژووی ماسییە بەبەردبووەکە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی دەباشیری و لە جۆری ماسی«X-iphactinus»ی گۆشتخۆرە کە تەمەنی نزیکەی ٧٠ ملیۆن ساڵە.

هەرچەندە نزیکەی ٧٠ ساڵە ئەم ماسییە بەبردبووە لە مۆزەخانەدایە، بەڵام میژووە راستەقینەکەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە.خولیەتا دێ پاسکا کە یەکێکبووە لە بەشداربوانی لێکۆڵینەوەکە باسی لەوە کردووە کە ئەم ماسییە بەبەردبووە یەکەم نموونەی جۆری ماسی «Xiphactinus»ە لە ئەرجەنتین، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی جیهانیش ئێسکە پەیکەری ماسییەکە دۆزراوەتەوە. هەرێمی پاتاگۆنیا باشووری ئەرجەنتین لەسەر ئاستی جیهان زۆرترین ئێسکی دەیناسوور و ئاژەڵی بەبەردبووی تیادا دۆزراوەتەوە.









رامانێک لە زنجیرەی دراماى تەلەفزیۆنى «یوسفى راستگۆ»

ن: کامەران حاجی ئەلیاس

هەموو داهێنانێکی درامی دەتوانێ بیێتە ئامێرێکی بەسوود بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەردەوام و تێکەڵبوون لە نێوان، بینەراندا. ئەوەی مەبەستمە هەڵوێستەی لەسەر بکەم، زنجیرەی دراماى «یوسفى راستگۆ»یە کەلە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکان و کەناڵە لۆکاڵییەکان نمایش کرا بەدەوامیش ساڵانە دووبارە پەخش دەکرێت، چ بەشێوەی دۆبلێر یان ژێر نووس بێت وەکو زانراوە ئەوەی من درکم پێکردوە بینەرێکی زۆریشی هەیە.

بێگومان من،باسی چیرۆکەکە ناکام چونکە لەلای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە،لە قورئانی پیرۆزیش باسی چیرۆک و ڕوداوەکانی «یوسفی راستگۆ» کراوە، بەڵکو باس لە هەندێ لایەنی هونەری بەگشتی دەکەین سەرەتا باس لە نواندن دەکەین زۆربەی ئەکتەرەکان توانیان رۆڵەکانیان بە جوانی بەرجەستە بکەن، بەتایبەتی خاتوونی هونەرمەند(کیتایۆن ریاحی)، کەرۆڵی زولیخای بەرجەستە دەکرد کە رۆڵێکی زۆر ئاڵۆز بوو کاتێ لەوپەری دەسەڵات و شاژنی عاشقی خزمەتکارو بەندەی خۆی دەبێت،بەڵام ئەو عاشق بوونە شێتانە لەلایەن کۆیلەکەی خۆی ڕەتدەکرێتەوە، لەو کاتە کەسایەتیەکە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی سەرلێشێواری هەژار، کوێر، لێقەوماو لە شەقامەکان دەکەوێت، لە دوایی کەسایتییەکە دەگۆڕێت دووبارەی بینای چاوەکانی بۆ دەگەڕێتەوە و گەنج و جوان دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارە لەجیاتی عەشقی یوسف بێت عەشقی خەڵوەتی خودا دەبێت بۆیە بەرجەستەکردنی ئەم سێ کەسایەتییە کارێکی ئاسان نییە .

خاتوو «کیتایۆن ریاحی» هونەرمەند،زۆر بەجوانی رۆڵەکان هەرسێ رۆڵەکەی بەرجەستە کردبوو بە جۆرێک هەموو هەڵسووکەوتی، جوڵەی،دەموودووی، هێماو ئاماژەکانی گوزارشتەکانی لە هەرسێ رۆڵەکەی زۆر بەروونی هەستی پێدەکرا،خۆشی «کیتایۆن ریاحی» ئەوەڕاستییەی نەشاردۆتەوە کە پێشتر چەندین رۆڵی تری بینیوە بەڵام لە رۆڵی زولیخا لە نواندن گەیشتۆتە لوتکە هەر لەبەر ئەوەی ئاستی هونەری نواندنی دانەبەزێت بڕیاری داوە چیتر کاری نواندن نەکات بۆئەوەی هەر بەو ئاستە بەرزە، لە دڵ و دەروونی بینەران بمێنێتەوە.

بەهەمان شێوەش ئەوەی رۆڵی پێغەمبەر یوسفی دەبینی کەلە لایەن هونەرمەند «مستەفا زەمانی»ی بەرجەستەکرابوو سەرکەوتوو بوو،ئەویش، رۆڵەکەی ئاڵۆز بوو بەڵام من هەستم دەکرد، زۆرجار لە هەندێ،دیالۆگ زێدەڕۆیی لە نواندن تێدابوو .

نابێ رۆڵی، کەسایەتی یعقوبیش لەبیر بکەین کە لە نواندنەکە لە لوتکە بوو کە هونەرمەند (محمود ئاک سەرکەوتنی دراماکە،سیناریۆی (یوسفی راستگۆ) لەبەرئەوەی کارێکی مێژوویو ئایینییە،دەبێ زۆر بەووردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت،هەربۆیە لەلایەن (20) سیناریست بەهاوبەشی،سیناریۆکە نووسرابوو بۆئەوەی هەموو زانیارەکان لە هەموو ڕوێکەوە ڕاست ودروست و تەواو بن، لەبەر ئەم حاڵەتەش ماوەی نووسینی سیناریۆیەکە، چوارساڵی خایاندوە، زیاتر لە (1800) لاپەرەی ئەی فۆر بوو خاڵیکی تری ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنە بوونی دیالۆگی بەهێزی ڕۆمانسی کە بەشێوەیکی، جوان داڕێژرا بوو بەتایەتی دیالۆگییەکانی زولیخا. دەرهێنان: ئەم کارە لەلایەن دەرهێنەر (فەرج ڵآ سلحشور) کاری دەرهێنانی بۆکرابوو سەرەتا دەرهێنەر نیازی وابوو کار لەسەر چیرۆکی پێغەمبەر (یونس) بکات،دوایی بۆچوونی گۆڕا بریاریدا کار لەسەر «یوسفی راستگۆ» بکات یەک ساڵی تەواو خەریکی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان بوو لەهەمان کاتیشدا ماوەیەکی زۆر کاری لەسەر دیکۆر، جلوبەرگ،مکیاژ، شوێن، کەلوپەلی دراماکە بووە دیارکردنی لۆکیشن لەکارێکی مێژووی زۆر ئەستەمە، بۆیە دەرهێنەر زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ کارەکەی کردوە، کاتێ ئێمەمانان سەیری زنجیرەکەمان دەکرد سەرجم دیمەنەکان ئامادە یان بەوە دەدات، کە سەردەم سەردەمی فیرعۆنییەکانە،هەر لە کۆشک و شەقامەکان و گالیسکەکان و ئیکسسوارەتەکان ..سروەتەکان زۆر جوان و سەرنجراکێش بوون بۆنمونە لەکاتی چاک بوونەوەو، گەرانەوەی بینای چاوەکانی باوکی یوسف،کەبریتی بوون لە شاییەکی جوان گوزارشتی چێژ بەخشی خۆشی ئەو خەڵکەی ئەوسەردەمە هەروەها دیمەنەکانی چاوەڕێکردن یەکێك بوو،لە سەرکەوتنی زنجیرە درامایەکە بەتایبەتی ساتە چاوەروانییەکانی زولیخا بۆ بینی یوسف،دەرهێنەر زۆر، زیرەکانە کاری لەسەر کردبوو بینەرانی سەرمەست دەکرد بۆ ئەوەی بە پەرۆش و تامەزرۆ چاوەڕوانی زنجیرەی داهاتوو بکەن . ماکیاژ: لەم زنجیرە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو بەتایبەتی ماکیاژی کەسایەتی زولێخا،بەتایبەتی کاتی پیر دەبێت بەجۆرێك بوو هەستت نەدەکرد ئەم ڕوخسارە ماکیاژە لۆچی دەموچاوی، گەردنی، برژانەکانی، ددانەکانی،دەستەکانی زۆر بەوردی کاری ماکیاژی لەسەر کرابوو،بەهەمان شێوەیش ڕۆڵی باوکی یوسف ماکیاژەکەی زۆر گونجاو بوو بەتایبەتی لە قژو ریشە سپییەکەی تا کۆڕیی چاوەکانی.

گرافیك: زۆر جوان کاری خۆی کردبوو بەتایبەتی لە شیکردنەوەی و ڕافکردنی خەونەکان،جا چ خەونەکانی یوسف یان خەونەکانی ئامون حوتیبی بچوك یان خەونی زانداناییەکانی ناو بەندیخانە. خۆشترین و بەهێزترین ئەڵقەدراماکە ئەڵقەی (39) بوو کاتێ چاوەکانی زولێخا چاکدەبێتەوەوتەمەنی گەنج دەبێتەوە لەگەڵ ئەلقەی (44) کاتێ یوسف خۆی بەبراکانی، دەناسێتەوە وبینای چاوەکانی باوکی لەڕێگەی کراسی یوسف بۆدەگەڕێتەوە، لە دوا ئەڵقەش بەیەك شاد بوونی باوکی لەگەڵ یوسف.

ئەم

کارە بەیەکەم کاری درامی ئێرانی دادەنرێت کەلەمێژووی درامای ئێرانی سەرکەوتنێکی ئاوا بەدەست بهێنێت و دەنگۆیەکی باشی لەسەر ئاستی ئێران و عەرەبی نایەوە، درامایەکە (45) ئەڵقە بوو بڕی تێچوی ئەو درامایە (یەك ملیار) تومەنی ئێرانی بوو، ئەو کات بەرامبەر (یەك ملیۆن دۆلار) بوو بێگومان هیچ کارێکی هونەری بێ کەموکوری نابێت،بۆنموونە لەو ئەڵقەی کە پۆتیفاریان دوایی مردنی لە لۆکیشنی شاردنەوەکەیدا، زولیخاش لەڕێورسمەکە بەشدار بوو لەوکاتەی سوارس کەشتییەکەدەبێت لە گۆشەیەك بەلەمێك دیار بوو، مەکینەی(بزوێنەر) لەسەر بوو بێگومان لەو سەردەمەدا بەلەمی لەو جۆرە نەبووە جگە لە دەهێنەر ئەو کەسەی بەرپرسی ڕاکۆرە ئەویش هەڵەکە لە ئەستۆ دەگرێت خاڵێکی تر لە کاتی بەرێکەوتنی کاروانی باوك براو کەسوکاری یوسف بۆلای یوسف منداڵێکیان لەگەڵ بوو، چەند دیمەنێکی کاروانەکە لە ڕێگا پیشاندا دەدات بەشەو بەرۆژ، لە کاتی خەوتن، لە کاتی ڕۆیشتن،لە ڕێگا چەندین گرتەی گشتی ومیدیەم کلۆز دەبینرێت ئەوەی سەیرە بەهیچ شێوەیەك یەك منداڵیش لەهیچ گرتەیەك لەو گرتانە دەرناکەوێت، نازاندرێت منداڵەکە چی بەسەرهاتووە.

لە کۆتاییدا لە بەر ئەوەی کارێکی هونەری ئایینی بوو بینەرێکی زۆری هەبوو لە هەمان کاتدا کارەکە، لەروی هونەرییەوە لایەنی ئەرێنی،زۆر تربوو وەك لایەنی نەرێنی، بۆیە بەگشتی دەست خۆشی لە سەرجەم ستاڤەکە دەکەین.



ئەکتەری کورد بۆ بێ هەڵوێستە؟

شکستێکە بۆ دراماى کوردی و گەڕانەوە بۆ سەرەتا بێ ئومێدەکانی



حەیدەر عەبدولرحمان

بەگشتی ئەکتەری کورد بۆ بژاردەی بەشداری کردن یا نەکردن لەکارە شانۆیی و درامی و سینەماییەکاندا هەمیشە کەسێکی بێ هەڵوَبستە و ئامادەیە بەچاو بەستراوی گرێ بەست لەگەڵ بەرهەم هێنەرو دەرهێنەرەکاندا مۆر بکات، بێ ئەوەی باکی بەهەر ئەنجامێك هەبێت کە لەئاکامی ئەو گرێ بەستەدا ڕوو بەڕووی دەبێتەوە. ئەو دیاردەیە تەنیا ئەو ئەکتەرە لاوانەی نەگرتۆتەوە کە بەپەرۆشی کارکردنن و بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێن بۆ دەرکەوتن، بەڵکو زۆر لەو ئەکتەرە ناسراوانەش دەگرێتەوە کە خاوەن ئەزموونی هونەرین و پێگەی دیارو بەرچاوی خۆیانیان هەیە لەبواری کار کردندا.

ئەو دیاردەی ئامادەباشی ئەکتەران بۆ بەشداری بوون وەك کاری کرێکارانی لێ هاتووە لەمەیدانی کرێکاراندا، ئەگەرنا ناکرێت ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموون بێ بینینی دەق و سیناریۆ گرێ بەست لەگەڵ دەرهێنەرێك مۆر کات، چەند ئەلقەیەکی سەرەتایی بخاتە بەردەم ئەکتەر، دواتر بۆ ئەلقەکانی تر بەدەست نووسی ڕۆژانە نواندن بکات، نە شتێ لە ئامانج و فەلسەفەی نمایش تێ بگا، نە ئاگای لە ڕووداوو کاراکتەرەکانی تر بێت .

ئەگەر ئەکتەر حیساب بۆ ڕابوورد‌ووی خۆی بکات و هونەرەکەی خۆی خۆش بوێت، ناکرێ ئاوا بەئاسانی هونەرەکەی خۆی وەك کالایەکی بازاڕی بکەردرێ و بفرۆشرێ، هیچ پرسیارێکیشی نەبێ!

ئەکتەر نەك هەر گوناهێکی هونەری گەورەیە بەبێ بینینی دەق و سیناریۆ بە چاو بەستراوی بەشداری لە بەرهەمێکدا بکات، بەڵکو پێویستە حیساب بۆ ئاست و توانستی دەرهێنەریش بکات و لەوە دڵنیا بێت ئەو دەرهێنەرە تا چەند دەسەڵاتی ئەوەی هەیە شکۆی هونەریی ئەو ئەکتەرەو هونەرەکەی بپارێزێ، تا چەند ئەو کاراکتەرەی بۆی دیاری کراوە کاراکتەرێکی ئەکتیفەو دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ؟ هەندێ جار ئەکتەری ناسراو، خاوەنی هونەریی بااڵو ئەزموونی دەوڵەمەند بەتەنها بەشداربوونی دەبێتە سەرمایە بۆ دەرهێنەرو زۆر جاران پێوەرو هاوکێشەکانی بەرهەم بەهۆی بەشدار بوونی ئەو ئەکتەرە دەگۆڕێت لەڕووی بازاڕو ڕاکێشانی بینەرو فۆکَسی میدیایی.

بۆیە ئەکتەر مافی خۆیەتی وەك عوملەیەکی گران بەها مەرجی خۆی هەبێت بۆ بەشداری کردن لەهەر بەرهەمێکدا، بەر لە هەموو شتێ چوار خاڵی گرنگ لەبەرچاو بگرێ :

1.ئاستی دەق و سیناریۆ.

2.ئەزموون و توانستی دەرهێنەرو ستا فە کە ی .

3.کاراکتەرو ناوەڕۆکی کاراکتەر .4.مافی دارایی ئەکتەر .

دوای دابین بوونی هەموو ئەو خاڵانەو بڕوا هێنانی ئەکتەر پێیان، ئینجا قۆناغی گرێ بەست ئەنجام دەدرێت، نەك لەخاڵی سفرەوە گرێ بەست واڕوو بکرێت و مەرجەکانی تر بە پەراوێز بکرێن و ئامانج تەنیا پارە بێت.

دواتر لە ناوەڕاستی ئەنجام دانی بەرهەمەکە، ئینجا ئەکتەر بکەوێتە بارێکی سەرلێ شێوان و پەشیمان بوونەوەو دەست لەکار هەڵگرتن و ڕاکردن..

کارەکە بگاتە ئەو ئاستەی دەرهێنەر بکەوێتە پەلە قاژەیەك نەزانێت چۆن بۆشایی ڕاکردنی ئەکتەرەکان پڕ کاتەوەو چ وەڵامێکی بەرهەم هێنەرو سپۆنسەرەکانی بداتەوە، ناچاری ئەوە بێت چارەسەری درامی کۆتایی بەرهەم لەبۆشایی دەست هەڵگرتنی ئەو ئەکتەرانەدا بە حیکایەت و نووسین،بۆ بینەر بگێڕێتەوە نەك بە وێنەو درامـا.

ئەم شکستە هەر تەنها شکستێك نیە بۆ دەرهێنەر، بەڵکو چەندین شکستی دیکە لەگەڵ خۆیدا دێنێ:

1.شکستێکە بۆ دەرهێنەر، دوای دۆڕاندنی ئەو متمانەیەی پێی درابوو لەلایەن بینەرەوە.

2.شکستێکی دارایی و مەعنەوی و میدیاییە بۆ ئەو دەزگا بەرهەم هێنەرەی متمانەی بەدەرهێنەردا.

3.شکستێکە بۆ ئەو ئەکتەرە باش و خراپانەی بەشداربیان لە بەرهەمەکەدا کرد بە تێکڕایی 4.شکستێکی گەورەیە بۆ بینەر کە زۆر بە حەسرەتەوە تەماشای زنجیرەکە دەکاو لەئەنجامدا روخانێکی هەرەمی بەرهەمەکە بەچاوی خۆیەوە دەبینێت.

5. شکستێکە بۆ درامای کوردی و گەڕانەوە بۆ سەرەتا بێ ئومێدەکانی. بێگومان هەموو ئەو شکستانە هۆکاری خۆیان هەیە :

1.دەرهێنەرێکی بێ ئەزموون کە دەسەڵاتێکی سنوور داری هەیە و ناتوانێت لە کون فە یەکونێك ئەو بارە قورسە بگرێتە ئەستۆ، بە شێوەیەکی ڕەمەکی بێ نەخشەو پلان .

2. پەلەپرۆزێ لەکار کردن لەپێناو قۆرخ کردنی دەرفەتی بەرهەم هێنان و دەسکەوتی مادەدی.

3.نەبوونی دەق و سیناریۆ (دەرهێنەرێك لەلایەك سەرپەرشتی دەرهێنان بکات و لەلایەکی دیکە بە پەلە پرۆزی ڕۆژانە دەست نووسی سەرپێیی بنووسێ)

4.نەبوونی میکانیزمێکی پوخت بۆ کار کردنی ڕۆژانە.

5.بەجێ هێشتنی ژمارەیەك لە ئەکتەرە بەشداربووەکان و پەك کەوتنی وێنەگرتن و مۆنتاژ.

ئەکتەر کە دەچێتە ناو ئەو هەموو کێشانەو دەبێتە پارچەیەك لێیان، دەبێ بزانین هۆکار چیە بەو چاو بەستراوەبیە ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بۆ بەشداری بوون ؟

1.بێ بازاڕی بەرهەمی هونەریی و درامی و دەست بە تاڵی درێژ خایەن .

2. هەلومەرجی سەختی ئابووریی و نەداری هونەرمەندان.

3. پەرۆشی هونەرمەندە کۆنەکان بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی دراماو ئیسپات وجود.

4.ئاڕەزووی زۆری ئەکتەرە لاوەکان بۆ کارکردن لەئەنجامی قەیرانی درامـا.

5. نا هوشیاریی هەندێك لەوان و بە نرخ نەزانینی ئەنجامەکان.

ئەنجام :

وا چاکترە ئەکتەرانی ئێمە هەمیشە سوود لەئەزموونە شکست خواردوەکانیاندا فێری ڕێزلێنان لەهونەرەکەیان بن، ئەوە بزانن کە هەر تەنها دەرکەوتن بەس نیە بۆ ئەکتەر، بە تایبەت بۆ هەندێ لەوان کە مێژووی پڕ لە سەروەرییان، ناکرێت بەنرخێکی هەرزان لە دەست بدەن، ئەو خۆشەویستیەی لەدڵی هەواداراننی خۆیان کە بەنرخترین سەرمایەی ئەوانە بەخۆڕایی دروستیان نەکردووە تا بەو هەرزانیە بەهەدەری بدەن.

دووهەمیان: وا پێویست دەکات بۆ قەرەبوو کردنەوەو ڕاست کردنەوەی ئەو شکستانە لە ئەزموونی هونەری دا بەکاری جوان و پڕ لە داهێنان پڕ کەنەوە، بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی بەاڵنسی هونەرییان .

هیچ کارێکی هونەریش کۆتایی نیە، بەڵام هەر یەك لەوان ئەزموونێکە پێویستە ئەکتەر بۆ بونیاتی ئایندەی هونەریی خۆی و پاراستنی متمانەی هەواداراکانی بە ئاگاییەوە هەنگاوی بۆ بهاوێژێ.



سیاسەتی ناتۆ لەبارەی لیبیا لە گۆڕانکاریدایە


لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە دوای ڕێککەوتنی تورکیا لەگەڵ حکوومەتی لیبیا کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانی پیادا نراوە لە گۆڕەپانەکە هاتنە ئاراوە، ناتۆ کۆتایی بە بێدەنگییەکەی خۆی هێنا کە ماوەیەکی زۆرە لەبارەی لیبیاوە بێدەنگ مابۆوە.دوای دەستوەردانەکەی ٢٠١١ لە لیبیا ناتۆ سیاسەتێکی زۆر کاریگەری لەو وڵاتە نەگرتە بەر، بەڵام دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی ناتۆدا هاتووە لەبارەی ئەو وڵاتە کە بووەتە یەکێک لە خاڵە هەرە گەرمەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.وا لێک دەدرێتەوە کە جگە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕێککەوتننامەی واژووکراوی تورکیا لەگەڵ حکوومەتی یاسایی لیبیا لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩ یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی گۆڕانی هەڵوێستی ناتۆ بێت بەرامبەر ئەو وڵاتە.

ڕابردووی ناتۆ لە لیبیا

کاریگەری ناتۆ لە لیبیا بۆ دوای شۆباتی 2011 دەگەڕێتەوە کە بە بەهاری عەرەبی ناسرا و لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە بە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین دەستی پێ کرد. دوای ئەوەی موعەممەر قەزافی کە 42 ساڵ حکومی لیبیای دەکرد بە توندوتیژی هەوڵی سەرکوتکردنەوەی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی دا، نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد دەست وەربداتە لیبیا. دوای بڕیارەکانی ژمارە 1970و 1973ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناتۆ دەستی کرد بە ئۆپەراسیۆنی پاراستنی یەکگرتوو بۆسەر لیبیا.دوای ئەوەی ناتۆ ناوچەی دژەفڕینی ڕاگەیاند زۆرێک لە وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ بە فەڕەنسا و بەریتانیایشەوە هێرشی ئاسمانییان بۆسەر لیبیا ئەنجام دا.لە ماوەی نزیکەی هەشت مانگدا، هاوپەیمان و هاوبەشانی ناتۆ 26 هەزار فڕینیان لە لیبیا ئەنجام دا. هەروەها هەشت هەزار سەرباز، 21 کەشتی و زیاتر لە 250 فڕۆکە و هەلیکۆپتەری جەنگیی بەشداربیان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کرد. دوای دەستوەردانەکەی ناتۆ و بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆن لەو وڵاتە، کۆتایی بە فەرمانڕەوایی قەزافی هات لە لیبیا. نێردەی ناتۆش بۆ پاراستنی هاوولاتیانی سڤیل لە لیبیا لە تشرینی یەکەمی 2011 کۆتایی بە کارەکانی هات.

گەڕانەوەی ناتۆ

لە کاتێکدا لەم ماوەیەی دواییدا دەست کراوە بە پرسیار لەبارەی بوون و کاریگەری ناتۆ، پەیانەکە بە مەبەستی پێشخستنی کارنامەی 2030 گرووپی هێزی مێشکی دروست کردووە.دوای کۆبوونەوەی سەرکردەکان لە لەندەن کە کۆتایی ساڵی ڕابردوو ئەنجام درا، ئەو دەنگانە بە بەرزی بیستران کە بە پێویستییان دەزانی ناتۆ کاراتەرێکی زیاتر سیاسی بێت.سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ بە کاریگەری سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە دەستی کردووە بە چاوخشاندنەوە بە ڕۆڵی ناتۆ لە چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕۆڵگێڕانی زیاتری ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.لە دوا هەڤپەیڤینیشدا یانس ستولتنبێرگ چەند جارێک جەختی لەوە کردووەتەوە کە ناتۆ جگە لە پاراستنی هێزی سەربازی خۆی پێویستە بێتە کاراکتەرێکی بەهێز لە سیاسەتدا.بڕیاری زیاتر سیاسیبوونی ناتۆ کاریگەری کردە سەر سیاسەتەکانی هاوپەیمانیەتیەکەش



جموجۆڵی ناتۆ لەبارەی لیبیا

هەرچەند ناتۆ لەسەر گۆڕەپانی لیبیا نەشبووبێ، بەهۆی بوونی وڵاتانی ئەندام لەو هاوپەیمانیەتە بەردەوام بووە بابەتی قسە لەسەر کردن.سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ لە هەڤپەیڤێکی مانگی ڕابردوویدا ئاماژەی بە بڕیاری لووتکەی بڕۆکسل 2018 کرد کە لەسەر ئاستی سەرۆک حکوومەت و سەرۆک دەوڵەتانی ئەندام لە ناتۆ بەڕێوە چوو.یانس ستولتنبێرگ لە میانی هەڤپەیڤێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی پرفۆشی La Repubblica ی ئیتاڵی، ڕایگەیاندووە .حکوومەتی سەراج کە نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پیادا ناوە لەگەڵ حەفتەر ناخرێنە تای یەک تەرازوو. ناتۆ ئامادەیە پشتگیری لە حکوومەتی تەرابلوس بکات. لێدوانەکانی سکرتێری گشتیی ناتۆ کە ڕایگەیاندبوو هاوپەیمانیەکەیان ئامادەیە لەسەر داواکاریی سەرۆکوەزیرانی لیبیا، فائز سەراج هاوکاریی ئەو وڵاتە لە دامەزراندنی دامەزراوە بەرگریی و ئەمنییەکاندا بکات، دەنگدانەوەی زۆری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بەدوای خۆیدا هێنابوو. دەستبەجێ لەدوای لێدوانەکە، یانس ستولتنبێرگ پەیوەندیی تەلەفۆنیی بەجیا لەگەڵ سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکوەزیرانی لیبیا، فائز سەراج ئەنجامدابوو. سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ باسی لەوە کردبوو هاوکارییەکانی ناتۆ بۆ لیبیا بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی و هەلومەرجی ئەمنیی ئەنجام دەدرێن و چەندین جار جەختی لە خواستی خۆیان بۆ هاوکارییکردن کردەوە. لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردوودا وەزیرانی بەرگریی ناتۆشدا، یانس ستولتنبێرگ ئاشکرای کرد نیگەرانن لە بوونی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی لە شاری تەرهونە کە لە چەکدارەکانی سەربە خەلیفەر حەفتەر پاککراوەتەوە، دۆزراونەتەوە و بەپێویستی زانی لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە ئەنجام بدرێت. هاوکات سکرتێری گشتیی ناتۆ باسی لە نیگەرانییەکانیان لە هەڵکشانی چالاکییەکانی ڕووسیا لە هەرێمی سووریا و لیبیا و خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کرد و جەختی لەوەکردەوە لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە دەکەن.

دینامیکە گۆڕاوەکان

وا مەزەندە دەکرێت، وەبیرهاتنەوەی حکوومەتی دانپێدانراوی لیبیا لەلایەن ناتۆوە و دەربڕینی خواستی پەیمانەکە بۆ دەستەبەرکردنی هاوکاریی لەڕووی دامەزراندنی ناوەندە ئەمنییەکان لە قۆناغی یەکەمدا، بەهۆی گۆڕانی خێرای دینامیکەکانەوەیە لە ماوەی ڕابردوودا. لە ڕووی مەیدانییەوە بەڕوونی کاریگەرییە ئەرێنییەکانی .یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی پەیوەست بە سنووردارکردنی ڕووبەری دەسەڵاتە دەریاییەکان. کە ئامانج لێی پارێزگاریکردن لەو مافانەیە کە لە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و لە .یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی هاریکاریی سەربازیی و ئەمنیی. ڕۆژی 27ی تشرینی دووەمدا لەنێوان تورکیا و لیبیادا واژووکرابوو، دەبینرێت. ئەمە جگە لەوەی هەڵکشانی کاریگەریی ڕووسیای ڕکابەرە هەمیشەییەکەی ناتۆ لە سووریا و لیبیاش، مایەی نیگەرانیی پەیمانەکەیە. ئەوەیش دەبینرێت کە تا دێت کاردانەوەی ئەمریکا لە دژی ڕووسیا کە لەگەڵ هەریەک لە میسر و ئیمارات پشتیوانیی حەفتەری کودەتاچی دەکەن، زیاتر دەبێت. دوای ئەوەیش کە ئەمریکا دیمەنی مانگە دەستکردەکانی بڵاوکردەوە کە تیایدا ئەوە دەبینرێت ڕووسیا فڕۆکەی .MiG-29 و .Su-27ی ڕەوانەی لیبیا کردووە، ئاماژەکانی ئەوەی واشنتۆن بە سیاسەتی خۆیدا لە لیبیا دەچێتەوە، تا دێت زیاتر دەردەکەون. هاوکات فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفریقا (AFRICOM) دیمەنی فڕینی فڕۆکە ڕووسییەکانی لە بنکەی ئاسمانیی جوفرە-دوە بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کرد، ڕووسیا .بازرگانی ژمارە یەکی چەک.ە لە ئەفریقا و لە پێکدادان و ناسەقامگیرییەکانی کیشوەرەکە سوود وەردەگرێت.

لای خۆشییەوە، بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکان لە فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفریقا (AFRICOM)، جەنەڕاڵ برادفۆرد گێرینگ ڕایگەیاندبوو .ڕووسیا لە هەوڵی دامەزراندنی خاڵێکی ستراتیجیی جێگیربوون لە باشووری ناتۆ دەدات و ئەوەیش لەڕێگەی قوربانیدان بە گیانی لیبییایە بێتاوانەکان دەکات. لێدوانەکان سەبارەت بە زیادبوونی هاریکارییەکان لە لیبیا لەنێوان هەریەک لە تورکیا و ئەمریکای هاوپەیمانی ناتۆشدا، ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانکاریی بەرچاو لە دۆخی مەیدانییدا. لای خۆیەوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا، مەولود چاوشۆغلو ئاماژەی بەوەکردبوو لێک نزیکبوونەوەیەکی ئەرێنیی لەنێوان سەرکۆماری وڵاتەکەی، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لەبارەی لیبیا هەیە و ڕێنماییان بە کارکردنی هاوبەشیان لەگەڵ ئەمریکادا لە لیبیا، وەرگرتووە.لەلایەکی دیکەوە، درزی نێوان ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا کە ژمارەیەکیان ئەندامن لە ناتۆ، سەبارەت بە لیبیا تا دێت قوڵتر دەبێتەوە. ئەوە دەبینرێت کە پشتیوانییەکانی فەڕەنسا بۆ خەلیفە حەفتەر، ئەگەرچی بە ئاشکراش دانی پێدا نانێت، لیبیای نیگەران کردووە. لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا، وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا، لویجی دی مایۆ جەختی لە پرۆسەی سیاسیی لەژێر سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە لیبیا کردەوە و ئەممەیش نیشاندەری ئەوەیە کە ڕۆما و پاریس لەبارەیەوە لەیەکتری دوور کەوتوونەتەوە.هاوشێوەی ئیتاڵیا، ئەوە دەبینرێت ئەڵمانیاش کە میواندارای پرۆسەی بەرلین دەکات، دەستی بەوە کردووە فەڕەنسا لە یەکێتیی ئەورووپادا، لەبارەی لیبیاوە بە تەنها جێبهێڵێت. ناتۆ کە ماوەی چەندین ساڵە خۆی لەبەرامبەر ئاڵنگاریی و تاقیکردنەوەکاندا گونجاندووە و سەرکەوتوو بووە لەوەی بەسەر پێی خۆیەوە بمێنێتەوە، دوای ئەوەی کە لە گۆڕانکارییە مەیدانییەکان لە لیبیا تێگەیشت، ئاماژەکانی ئەوەی کە خۆی بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی چالاکتر ئامادەدەکات، تا دێت بەهێزتر دەبێت.

مانشێت

سکای نیوز:

لە مەراسیمی 76 ـەمین ساڵیادی تەواوبوونی جەنگی کۆریا ،سەرۆکی کۆریای باکور ڕایگەیاند: ئەوان ئێستا خاوەنی چەکی ئەتۆمین و وڵاتەکەشی بەنیازی بەرپاکردنی هیچ جەنگێکی دیکە نیە.



یۆرۆ نیوز:

نیوزلەندا یاسای ئاڵوگۆڕکردنی داواکراو و تۆمەتبارانی لەگەڵ هۆنگ کۆنگ هەڵپەسارد.



ئەی ئێف پی:

باوبۆرانی هانا لە باکوری ڕۆژهەڵاتی مەکسیک بووە هۆی کوژرانی دوو کەس و بێسەرشوێنبوونی چواری دیکە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

لەبەردەمی ژمارەیەک لە لایەنگرانیدا لە ویلایەتی نۆرس کارۆلاینا ، دۆنالد ترامپ ڕایگەیاند ئەوان هیواخوازن لە کۆتایی ساڵ بتوانن ڤاکسینێک بۆ کۆرۆنا بدۆزنەوە.



کەنالی ئار تی:

ڕێکخراوی تەندروستی جیهان ڕایگەیاند ستراتیژیەتی داخستنی سنووەرکان کاریگەریی ئەوتۆی نابێ بۆ بنبڕکردنی ڤایرۆسی کورۆنا.



دۆیچە ڤیلە:

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتی کردەوە کە لە ئەنجامی هێرشێکی چەکداریی دیکەدا لە هەرێمی دارفۆر زیاتر لە 60 کەس کوژراون و 60 دیکەش بریندار بوون.





کاریکاتێر (وەرگیراوە)

تەمەنی 11 ساڵە و خاوەن بڕوانامەی کاندید ماستەرە



ماریا گابۆر کچەتازەپێگەیشتووییەکی شەترەنجی وڵاتی ئۆکرانیایە، تەمەنی تەنها ١١ ساڵە و توانیویەتی بڕوانامەی کاندید ماستەری ئافرەتان بەدەست بهێنێت و ڕێند جارێك بووەتە پالەوانی وڵاتەکەی.

ئەو کچە تازەپێگەیشتووە بەوپێیەی لە خانەوادەیەکی شەترەنجزان لەدایك بووە، هەربۆیە لەتەمەنی زوودا فێری ئەو یارییە دەبێت، کاتێك تەمەنی دەبێتە ٧ ساڵ بەفەرمی بە شداری پاڵەوانێتی جیهانی لە ڕووسیا پێدەکەن و لەیەکەم دەرگەوتنیدا پلەی دەیەم بەدەست دەهێنێت، دواتر لە ساڵی ٢٠١٨ دەبێتە پاڵەوانی ئۆکرانیا و لەساڵی ٢٠١٩ لەپالەوانێتی هەنگاریاش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە ئۆژۆرووەی شوێنی لەدایك بوونی، ئێستا ماریا هەڵگری بروانامەی کاندید ماستەری ئافرەتانە و هێشتا تەمەنێکی زۆری لەبەردەمدا ماوە کە بتوانێت دەسکەوتی گەورەتر بەدەستبهێنیت.



بۆفۆن: چاوم لە ناسناوی دەیەمە

جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵچییەزەبەلاحەکەی ئیتاڵیا دووپاتی کردەوە کە سوورە لەسەر ئەوەی لەگەڵ یانەکەی (یۆڤینتۆس) بۆ جاری دەیەم لە وەرزی داهاتوودا ناسناوی خولی ئیتاڵیا بەدەست بهێنێت.

بۆفۆن لەلێدوانێکیدا کە پێگەی (گۆڵ)ی ئیتاڵی بڵاویکردەوە دەڵێت: بەختەوەرم، زۆر گرنگ بوو بەدەستهێنانی ناسناوی سکۆدیتۆ، بەڵام ئامانجی من ئەوەیە بۆ جاری دەیەم لەگەڵ یانەکەم لەوەرزی داهاتوودا ناسناوەکە ببەینەوە، بۆ ئەمەش وەرزی داهاتوو هەموو هەوڵێك دەدەین.



وان

دروستکردنی ناوەندێکی نێودەوڵەتیی بەلەمەوانی



شارۆچکەکە بەخشیوە و لەئێستادا، کار بۆ ئەوە دەکرێت ناوەندێکی نێودەوڵەتیی بۆ پێشبڕکێی بەلەمەوانی لەسەر دروست بکرێت.

لەم بارەیەوە سەرۆکی ڕاهێنەرانی بەلەمەوانی تورکیا، سەفاش ئیزمیرلی لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە مەشقیان بە ٢٠ بەلەمەوانی شارۆچکەکە کردووە و ڕایگەیاند «لێرە مەشقێکی باشیان بە ٢٠ گەنج کردووە. ئەو گەنجانە دوای تەواوکردنی مەشقەکەیان بوون بە کاپتنی بەلەمی ئەو کەسانەی بۆ گەشت هاتبوونە ناوچەکە. دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی میوەی ئەو دارەی ڕواندمان. نزیکەی سەدا ٧٠-٨٠ی ڕووبارەکانی تورکیام بینیوە، بەڕاستی ئەم چەمە ئاوی زۆرە و ئاوەکەیش ڕوون و ساز گارە».

لای خۆیەوە جێگری بەڕێوبەری وەرزش و لاوانی قەزای باخچەسەرای، عەفان ئۆرهان باسی لەوە کرد کە قەزای باهچەسەرای بەهۆی سروشتە جوانەکەی و بوونی چەند شوێنەوارێکی مێژوویی تایبەتی بووەتە هۆی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار.

عەفان ئۆرهان ئاماژەی بەوەیش دا کە کاریان بۆ ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکانی شارۆچکەکە دەکەن و گوتی: «دەمانەوێت شوێنە گەشتیارییەکانی شارۆچکەکە بناسێنین. ئەو گەشتیارانەی دێنە ئێرە کڵێسا و پردە مێژووییەکان دەبینن و دواتر بەلەمەوانی دەکەن. لێرە ٢٠ گەنجان مەشقی بەلەمەوانییان تەواو کردووە و هەوڵدەدەین مەشق بە هەموو گەنجەکانمان بکەین. لەم ڕێگەیەشەوە بەلەمەوانی لێهاتوو بۆ وڵاتەکەمان پێ دەگەیەنین. گەورەترین ئامانجیان ئەوەیە بەلەمەوانەکانی شارۆچکەکە ببنە پاڵەوانی تورکیا».

خەبات: باکووری کوردستان

کڵۆپ: وەرزی ئایندەی پرێمەرلیگ قورس دەبێت

یۆرگن کڵۆپ، ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول پێشبینی دەکات، وەرزی داهاتوو ڕکابەریکردن لەسەر بردنەوەی نازناوی پرێمەرلیگ لەم وەرزە قورستربێت و ڕکابەریکردن لەسەر بردنەوەی نازناوەکە زۆر بەهێز دەبێت.

کڵۆپ دوای کۆتاییهاتنی ڕکابەرییەکانی ئەم وەرزەی پرێمەرلیگ گوتی، شتێك کە لە ئیستادا لەئێستادا کار بۆ ئەوە دەکرێت ناوەندێکی نێودەوڵەتیی بۆ پێشبڕکێی بەلەمەوانی لەسەر چەمی موکوس لە قەزای باهچەسەرای سەربە پارێزگای وان دروست بکرێت.

چەمی موکوس کە دەکەوێتە قەزای باخچەسەرای سەربە پارێزگای وان، دیمەنێکی سروشتیی سەرنجڕاکێشی بە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی، ڕکابەرییەکە لەنێوان ئێمە و مان سیتیدا نامێنێتەوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا مان سیتی کۆنترۆڵی خشتەکەی کردبوو، بەڵام بەو شێوەیە نامێنێتەوە.

ئەم قسانەی کڵۆپ لەکاتێکدایە یانەکەی دوای ٣٠ ساڵ، نازناوی پرێمەرلیگی بردەوە.

ئەوان بووونە هۆکار بۆ ئەوەی ببینە پاڵەوانی سێریا ئەی

خانمە پیرەکە دوای بردنەوەی ناسناوی خولی ئیتاڵیا و بۆ جارێکی دیکە بوونە پاڵەوانیان، راهێنەری یانەکە سوپاسی دوو یاریزانی یانەکە دەکات.

ماوریزیۆ ساری لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا دوای بوونە پاڵەوانیان لە سێریا ئەی رایگەیاند:" کریستیانۆ رۆنالدۆ و پاولۆ دیبالا هۆکاری سەرەکی بردنەوەی ناسناوی سێریا ئەی ئیتاڵیا بوون."

هەریەک لە رۆنالدۆی پرتوگالی و دیبالای ئارجەنتینایی گرنگترین یاریزانانی خانمە پیرەکەبوون و بە هۆکاری سەرەکی بردنەوەی ناسناوەکە دادەنرێت. یۆڤانتس بۆ ٣٥ هەمین جار لە میژوویدا و بۆ ٩ هەمین جار لەسەریەك بووبە پاڵەوانی خولی سێریا ئەی ئیتاڵی.

ئیمباپێ بەرامبەر ئەتەلانتا لە چامپیۆنسلیگ یاری ناکات

دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی جامی فەرەنسا بە سەختی تووشی پێکان هات، لە یاری داهاتووی یانەکەی بەشداری یاری چامپیۆنسلیگ ناکات.

کیلیان ئیمباپێ-ی یاریزانی لاوی فەرەنسی و یانەی پاریس سانجێرمان لە یاری کۆتایی یانەکەی لە جامی فەرەنسا بە سەختی تووشی پێکان لە گۆڕینگی قاچی هات، بۆ یاری داهاتووی یاناکەی لە چامپیۆنسلیگ بەرامبەر ئەتەلانتای ئیتاڵی یاری ناکات.

پاریس سانجێرمان لە راگەیاندراوێکدا رایانگەیاند یاریزانەکەیان تا نزیکەی مانگێك لە یاریکردن دادەبڕێت و ناتوانێت لە یاریەکانی داهاتوو بەشداری بکات.

هاری کین: پێویستە دی خیا لە مان یونایتد دەربکرێت

یانەی مانچستەر یونایتد کە ئەم وەرزە بەپلەی سێیەم رازی بوو، دەیەوێت لەوەرزی داهاتوودا رکابەری لەسەر ناسناوی خولی ئینگلیزی بکات.

لەبەرامبەر ئەم هەوڵەش هاری کینی کاپتنی پێشووی یانەکە رایگەیاند کە بەبوونی دی خیا لە پێکهاتەکەدا، مەحالە مان یونایتد بتوانێت رکابەری لە بەدەستهێنانی ناسناوەکانی وەرزی داهاتوودا بکات، ئەو کاپتنە دەڵێت: پێویستە ئەهریمەنە سوورەکان ئەو گۆڵچییە دەربکات و چیتر پشتی پێ نەبەستیت، هەروەها گوتی: من یەك بەخۆم بەو گۆڵچییە سەرسام نیم و پیم وایە تا ئەو گۆڵچییە لەوشوێنە بیت ئەوا یانەکە ناتوانێت ناسناوێك بباتەوە.



رۆنالدۆ لەگەڵ خێزانەکەی ئاهەنگ دەگێڕێت

کریستسانۆ رۆنالدۆ لەگەڵ جۆرجینای دۆستەکەی و هەر چوار کوڕەکەی لەسەر یەختێکی خەلوزی ئاهەنگی یانەکەی (یۆڤینتۆس) بۆ بردنەوەی ناسناوی خولی ئیتاڵیا بۆ وەرزی ٢٠١٩-٢٠٢٠ دەگێڕێت.

رۆنالدۆ لە هەژماری تابەتی خۆی لە ئینستاگرام وێنەیەکی خۆی و خێزانەکەی لەسەر یەخت بڵاوکردۆتەوە و لەژێر وێنەکەدا نوسیویەتی: (هیچ شتێك لەوە خۆشتر نییە لەگەڵ ئەوەی خۆشت دەوێت ئاهەنگ بگێڕی).

جێی باسە رۆنالدۆ رۆڵێکی دیاری هەبوو لە بردنەوەکەی یەکشەممەی رابردوو بەسەر یانەی سامپدۆریا کە ئەم ئەنجامەش بەس بوو بۆ ئەوەی بیانکۆنێری ناسناوی خولی ئیتاڵیا بۆ نۆیەم جار لەسەر یەکتری بەدەست بێنێت.



میلۆ لە سیتێن و بەرشلۆنە تووڕەیە

پێگەی کالچیۆ میرکاتۆی ئیتاڵی دوویاتی کردەوە کە ئارسەر میلۆی بەرازیلی وۆر بەتوندی لە بەرشلۆنە و کیکی سێتینی راهێنەرەکەی تووڕەیە.

پێگەکە ئەوەی بڵاوکردەوە کە میلەر حەزی نەدەکرد بەمشێوەیە لە کامپ نو بڕوات، هەروەها دەڵێت: ئەو راهێنەرە بوو ناچاری کرد کە ریزەکانی بەرشلۆنە جێبهێڵێت، چونکە لەوکاتەوەی ئەرکەکەی وەرگرت، گەوتە دژایەتی کردنی و یاری پێنەکردن، بۆیە ئێستا لە داخ ئەو تووڕەییەی بەرامبەر یانەکەی پێشووی هەیوو، هەوڵ دەدات هەموو تواناکانی لە یانەی یۆڤینتۆس و بەتایبەتیش لەگەڵ ماوریسۆ بۆ ئەوەبێت بەئاستیکی باشتر لە کامپ نو دەربکەوێت.

جێی باسە بڕیارە کۆتایی مانگی ئاب و پاش کۆتایی هاتنی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئارسەر میلەر بگاتە ئیتاڵیا و پەیوەندی بە یانە تازەکەیەوە بکات.


دایکی شەهیدانی کوردستان چیایەکی خۆڕاگر و پڕ شانازی بۆ کورد

لە قەزای سۆران دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی ئافرەتی شۆڕشگێر و خۆڕاگر دایکە عایشە تەها دایکی شەهیدانی کوردستان کۆچی دوایی کرد،دواتر بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری و جەماوەری دەڤەری سۆران تەرمی دایکە (عایشە تەها) دایکی 3 شەهیدی نیشتمان ناسراو بە دایکی شەهیدان لە تەنیشت کۆڕەکانی لە گۆڕستانی قەزای سۆران بە خاك سپارد،دواتر بەڕێز عەبدولواحید ڕەوانەزی بەرپرسی لقی 10 و بەڕێز حەسەن حەدو بەرپرسی لقی 26 پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە ناوی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی و جەنابی سەرۆك بارزانی پرسەوە سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاریان خوالێخۆشبوو دایکە عایشە دایکی شەهیدانی کوردستان کۆچی دوایی کرد باسی خۆڕاگری دایکە عایشەی کرد کە چەند نیشتمانپەروەر بووە کە 3کوڕی پێکەوە لە شەری تێرۆریستانی داعش شەهید بوون.، دواتر بەڕێز کرمانج عزت قایمقامی قەزای سۆران باسی ئازایەتی دایکە عایشە دایکی شەهیدانی کوردستان کرد کە ئافرەتێکی نیشتمانپەروەری بووە،دواتر کە دیسان ئامادەبوو کۆڕەکانی تری فیدای کوردستان بکات ،پێشمەرگە خورشید کوڕی دایکە عایشە سوپاسی ئامادە بوونی کرد کە بەشداری مەراسیمی بە خاکسپاردنی دایکیان کردوە و سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاك مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە پەیامی سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاریان کردووە.

خوالیخۆشبوو دایکە (عایشە تەها) هاوسەری پێشمەرگە دیرێن(عوسمان شەریف)ی



سەرۆك بارزانی دەفەرموێت: (هەموو جارێك شەو دەمگوت بەیانی هەڵدەستم دەچمە لای، بۆ بەیانی هەرچی دەمکرد نەمدەزانی چۆن بچم، نەمدەزانی چۆن بچمە لای دایکێك سێ کوڕی بە یەك دەقیقە شەهید ببن. چی پێبڵێم!!! چی بکەم!؟! چۆن بچم !؟! ئاخیرییەکەی گوتم دەبێت هەر بچم. نێزیکەی دوو هەفتەی پێچوو کە چوومە ئەوەێ، کاتێ ئەم دایکەم بینی، شعورێکم لا دروست بوو من خۆم زۆر زۆر بە بچوك زانی بەرامبەر بەو گەورەییە، بەرامبەر ئەو شێرە ژنە. بووکەکان و نەوەکانی لابوو، ئەویش دیسان گوتی: من دوو کوڕی ترم هەیە، هەمووی قوربانی کوردستان بن. ئێمە سەربەرزین، شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە. یەعنی شەرمم کرد، یارەب ئەمە دایکی سێ شەهیدە، هەموی 10 بۆ 12 ڕۆژە سێ کوڕی شەهید بووە بە یەك دەقیقە، بەم مەعنەویاتە قسە دەکات.)



هەرسێ کوڕە شەهیدەکەی دایکە عائیشە و شەهیدی فەرمانده عادل مهاجیر

پێشمەرگە کە لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول خزمەتیان بە کوردستان کردووە وە دایکە عایشە پاڵپشتی هاوسەری بووە کە خواردن و پێداویستیەکان بۆ بڕا پێشمەرگەکان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرد ،لە شۆڕشی گوڵان خانەوادەکەیان ئاوارەی ئێران دەبن وە کوڕەکانی دەبنە پێشمەرگەو دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبن و دیسان کوڕە پێشمەرگەکانی لە فەرماندەیی هەڵگورد دڕێژە بە ئەرکی پێشمەرگایەتی دەدەن و لەگەل دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆ کوردستان دەچنە بەرەکانی شەڕ، دایکە عایشە، دایکی 3 بڕای پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و ڕاپەڕینە (ئەحمەد عوسمان، نەجات عوسمان، مولود عوسمان)، کە ئەم سێ تێکۆشەرە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە عادل مەهاجر لە 25-10-2014 وە لەگەڵ هاوسەنگەرانیان بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان دژی داعش لە زومار شەهید دەبن،دوای شەهیدی بوونی کوڕەکانی نازناوی دایکی شەهیدانیان پێداوە و جەنابی سەرۆك بارزانی چەند جار باسی ئازایەتی دایکە عایشە دەکات کە لە ئەو فێرە کوردایەتی دەبین و هەروەها لەبەر ئازایەتی و خۆڕاگری لە لایەن جەنابی سەرۆك بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشراوە .

جیهان زۆر باسی ئازایەتی پێشمەرگە و ئەو دایکە خۆڕاگرە کرد کە دایکێك بۆ ئازادی کوردستان 3کوڕی قوربانی کوردستان کرد و تەنانەت دایکە عایشە چەند جارێك لە دەرەوی کوردستان بانگهێشت کراوە. بەڵام زۆر بەداخەوە لە تەمەنی 96ساڵی و لەدوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیی، کۆچی دوایی کرد.

بڕووسکەی سەرەخۆشیی سەرۆك بارزانی بۆ کۆچی دوایی دایکە عایشە

دایکە عایشەی بەهەشتی نموونەی خۆڕاگری و ئازایەتی بوو

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی سێ شەهیدی کوردستان، خاتوو دایکە عایشەم پێ گەییشت.

دایکە عایشەی بەهەشتی، نموونەی خۆڕاگری و ئازایەتی بوو و بۆ هەموو تاکێکی کوردستان مایەی شانازییە. خۆم شانازی ئەوەم هەبوە بە خزمەتی بگەم و وانەی خۆڕاگری و کوردایەتی لێوە فێر ببم.

لەم کۆستە گەورەیەدا، پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و ئاشنایانی دایکە عایشە دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

لە خودای گەورە داواکارم ڕوحی پاکی دایکی شەهیدان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە گشت لایەك ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

٢٧ی ٧ی ٢٠٢٠

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

Wed.29 Jul. 2020 No.:(5982)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net

www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616